# ناسیونالیزم وەك هێزێكی ئایدیۆلۆژی

# ((یەكاڵاكردنەوەی ناسیونالیزم))

فاروق رەفیق

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم كە میتۆدێكی جیاواز بەكاربهێنم بۆ خوێندنەوەو تاقیكردنەوەی ناسیونالیزم وەك هێزێكی ئایدیۆلۆژیو، ناسیونالیزم وەك گوتار.

سەرەتا ئەوە روون دەكەمەوە كە مەبەستم لە ناسیونالیزم چیيە، واتە وێنەیەك لەمەڕ ناسیونالیزمەوە دەخەمەڕوو، دواجار هەوڵ دەدەم ناسیونالیزم وەك هێزێكی ئایدیۆلۆژی یەكاڵا بكەمەوە بۆ توخمەكانی، بۆ ئەو توخمانەی كە ناسیونالیزم پێك دەهێنن. ئەمەش بەگەڕانەوەبۆ جینالۆجیای ئەو توخمانە، بەواتایەكی دی بەگەڕانەوە بۆ ریشەكانی ئەو توخمانە لەسەردەمی مۆدێرنو لە پرۆژەی مۆدێرنەتیدا. لەم هەوڵدانەشدا مەبەستی من نیە كە نە مێژووی ناسیونالیزم بنووسمەوە نە ئەو مێژووە بخوێنمەوە بەڵكو نیازی من لەم وتارە دوو ئامانجە؛ یەكەم ئاشنایەتی پەیداكردن لەگەڵ ئەو توخمانەی كە ناسیونالیزم وەك هێزێكی ئایدیۆلۆژی پێك دەهێننو ناساندنی توخمەكانی گوتاری ناسیونالیستی. دووەهەم، كێشانی وێنەیەكی فەلسەفیيە دەربارەی ناسیونالیزم. كێشانی وێنەیەكی فەلسەفی یا تێڕوانین لە ناسیونالیزم لەدیدێكی فەلسەفیيەوە بە پێویست دەزانم چونكی لەو باوەڕەدام كە ناسیونالیزم دیاردەیەكی ئاڵۆزەو زانایانی زانستی سیاسی یا كۆمەڵناسیو لێكۆڵینەوە كۆمەڵایەتیەكان بەتەنیا ناتوانن وێنەیەكی رەزایەت بەخشمان بخەنە بەردەم. هەروەها ناسیونالیزم تەنیا دیاردەیەكی سیاسی نیە، بەڵكو ناسیونالیزم لەشێوەی ژیان یا مۆدێلێكی چۆنێتی بوونو چۆنێتی پێكەوە

ژیانی خەڵکی دەدویٚو وەك مۆدێلێکی بوونیش ناچارمان دەکا کە غەمی ئەوە بخۆین چ جۆرە پەیوەندیەك لەگەڵ "ئەوان"ی دیکەدا بەرکەماڵ بکەین. دیارە ئیدی پێویست ناکا کە بڵێین ئەم دوولایەنە شێوەی ژیانو مۆدێلێکی بوون، هەردووك بە سروشت بابەتی فەلسەفەن بۆ لێکۆڵینەوە.

هەروەها دەبێت ئەوە بڵێم مەبەستی من نیە لەم وتارەدا باس لەدروست بوونی دەوڵەتی نەتەوە بکەم یاخود باس لەجۆرەکانی ناسیونالیزم بکەم بەتایبەت ئەو دابەش کردنەی ناسیونالیزم بەسەر ناسیونالیزمی مەدەنیو ناسیونالیزمی ئیتنیکی کە بەڕای من ئەم دابەش کردنە ئیشکالیەتی زۆری تێدایە بگرە کەڵکەڵەیی ترسناکیش لە پشت ئەم دابەش کردنەوە خۆی مەڵاس داوە.

من لەم باسەدا سێ فەیلەسوفو بزووتنەوەیەکی ئەدەبیو سیاسیم هەڵبژاردوە بۆ لێکۆڵینەوە. لێرەدا لەیەك یا دوولایەنی فیکری ڤیکۆو رۆسۆو هێردەر دەدوێم لەگەڵ باس کردنی چەند لایەنێکی بزووتنەوەی رۆمانتیك. بەهانەشم بۆ ئەم ستراتیژیەتە ئەوەیە کە لەفیکری هەریەك لەو فەیلەسوفانە لە بزووتنەوەی رۆمانتیکەکاندا دەتوانین پەنجە بخەینە سەر یەك یا چەند توخمێك کە دواجار لە ناسیونالیزمدا خۆیان نیشان دەدەن.

لێرەوە لێکۆڵینەوەی هەندێ رەهەندی فیکری ئەو فەیلەسوفانە یارمەتیمان دەدەن کە ناسیونالیزم بناسینەوە، پێناسەی بکەینەوە وەك هێزێکی ئایدیۆلۆژی، وەك دنیابینیەك. هەروەها لێکۆڵینەوەیەك لەم جۆرە، واتە مامەڵەکردنێکی فەلسەفیانە لەگەڵ ناسیونالیزم، رەنگە ببێتە مایەی دارشتنی جۆرە سەیرکردنو ئایدیایەکی بالاتر لەمەڕ ناسیونالیزمەوە، یاخود بەلانی کەمەوە ئومێدی من ئەوەیە کە قسەکردن لەسەر ناسیونالیزم لەرۆژنامەنووسەکان وەربگرینەوە تا مامەڵەیەکی فەلسەفی لەگەڵدا بکەین. شایانی باسە کە من لێرەدا بانگەشەی ئەوە ناکەم کە هەموو ئەو فەیلەسوفانەی ئاماژەیان بۆ دەکەم نەتەوەپەروەر بوون، بۆ نمونە ڤیکۆ نەك ناسیۆنالیست نەبوو بەڵکو لەسەردەمی ئەودا هەوالێ لەناسیونالیزم نەبوو. ڤیکۆ وەك بیریارێکی کۆنسەرڤەتیڤ دووکاری کرد، یەکەم رەخنەیەکی قورسی لە عەقلانیەتی دیکارتی گرتو بەم کارەش لەڕووی فەلسەفیەوە رێگای بۆ ناسیونالیزم خۆش کرد، دووهەم، ڤیکۆ یەکەم کەس بوو کە سەرنجی هەموانێ بۆ لای رۆڵە گرنگەکەی فەنتازیا راکێشا لەڕێگەی چەمكو بیرۆکەکانی وەکو "کۆی خەیالی" "ئەفسانە" "فەنتازیای گەردوونی"، "حیکمەتی شیعری" هتد، هەردوو چەمکی "خەیاڵ" و "ئەفسانە" ئەو توخمەن کە من لە ناسیونالیزمدا بەبنەڕەتیترین توخمیان دەزانم هەر ئەوەش بەهانەی من بۆ قسەکردن لەسەر ڤیکۆ. دوا خاڵێك کە پێویستی بەروون کردنەوە هەبێت ئەوەیە کە من لەناسیونالیزم لەرەوتە ئەوروپیەکەیدا دەدوێم. وێڕای ئەوەش من باوەڕم وایە ناسیونالیزم زادەی ئەوروپایەو بەشێکە لەپرۆژەی مۆدێرنەتی، هەمان ئەو توخمانەش دەتوانین لە بزووتنەوە ناسیونالیستیەکانی دەرەوەی ئەوروپاشدا ببینینەوە. ناسیونالیزمێك نابینینەوە بێ نوێنەرایەتی کردنی سومبولی، بێ سەرمایەی رەمزی، بێ ئەفسانە، بێ بیرۆکەی "خەڵك" یا "گەل" مێژوو.. هتد. لەگەڵ ئەوەشدا ناسیونالیزمی دەرەوەی ئەوروپا خاسیەتو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. لەپەراوێزی قسەکردنەکانمدا لەسەر ڤیکۆ ئاماژەش بۆ ڤۆنتسیکۆ دەکەم وەك رێگە خۆشکردنێ بۆ قسەکردن لەسەر ناسیونالیزمی سیاسی لای رۆسۆ، هەروەها لەپەراوێزی قسەکردنیشدا لەسەر

ڕۆسۆ ئاماژە بۆ کانت دەکەم وەك زەمینە خـۆش کردنـێ بـۆ بـاس کردنـی هـێردەر کـە یەکێکـە لـە رەخنەگرەکانی کانت.

1-وەك خاڵی دەست پێکردن دەبێـت جـەغد لەسـەر ئـەوە بکـەین کـە ناسیونالیزم بەرهـــەمی پرۆسـەیەکی درێژخایەنـە، پرۆسـەیەك کـە رەگـو ریشـــەی لەســـەردەمی مۆدێرنـــدا داکوتیـــوە. مەبەستیش لەسەردەمی مۆدێرن ئەو سـەردەمەیە کـە بـە رینیسـانسو ریفۆرمـی ئـایینی دەسـت پێدەکا. پرسـیاری مـن ئەمـە نیـە کـە چـۆن ئـەم دیاردەیە /گوتارە/ هێزە ئایدیۆلۆژیە هاتە بـوون، بـەڵکو پرسـیاری مـن ئەوەیـە ناسـیونالیزم چ گوتارێکە، چ هێزێکی ئایدیۆلۆژیەو تۆخمەکانی چین کە لێی پێك هاتوە؟

ناسـیونالیزم ئایدیۆلۆژیایـەو ئایدیۆلۆژیـاش سـەرقاڵی ئەوەیـە کـە بارودۆخـێ، کاروبـارێك، حاڵەتێك لە کۆمەڵگادا بگۆڕێو بارودۆخێکی نوێ دامـەزرێنێ. ناسـیونالیزم ئایدیۆلۆژیایەکـەی مۆدێرنە کە خـۆی وەك وەڵامێـك هاتـە ئـاراوە بـۆ ئـەو حاڵەتـەی کـە هـەندێ بیریـاری ئـەوروپی بەحاڵـەتی شپرزەییو پاشـاگەردانی مرۆڤایـەتی لەدنیای مۆدێرندا نـاوی دەبـەن، شپرزەییەك کـە هەموو بوارەکانی بوونو ژیانی گرتەوە، شپرزەیی لـەنێوان فـەرمانڕەواو فـەرمان بەسـەرداکراودا، شـپرزەیی رۆحـی ئینسـانەکان، جیـاوازی یـا شپرزەیی نێوان سەرو دڵ، عەقڵو هەست، عـەقڵ کە وەك بەشێك Faculty کە تەنیا کـاری پۆلێـن کردنو ژماردنەو ناتوانێ لەهەستو رۆح قسـەبکاو ئەمـەش لـەزۆر حاڵـەتدا بـوو وە دەبێتـە مایـەی ووشـك بوونـەوەی کـانی خـەیاڵو خاوبوونـەوەی شەپۆلەکانی داهێنانو دروست بوونـی بارودۆخـێ لێوانلێـو لـە غوربـەت، غوربـەتی مـرۆڤ لـەخۆی، غوربـەتی مـرۆڤ لـە مـرۆڤ، غوربـەتی مـرۆڤ لـە سروشـتو کۆمـەڵگا. ئایدیۆلۆژیاکـان، لەوانـە ناسـیونالیزمو سۆسـیالیزم، وەکـو بەرهـەمی مۆدێرنەتی وەڵامێك بوون بـۆ ئـەو پاشـاگەردانیەو ئـەو غوربەتـە قووڵـە. ناسـیونالیزم وەك ئایدیۆلۆژیایەك هاتو پێی وابوو کە مرۆڤایەتی بە سروشت بەسەر نەتەوەکانو ئیتنیکەکاندا دابەش بوەو هەر نەتەوەیەش دەبێت یەکێتیەکی سیاسی گونجاو دروست بکا بـەپێی ئـەو دابـەش بوونـە سروشتیە.

ناسـیونالیزم هـێزێکی ئایدیۆلۆژیـە، واتـە لەلایەکـەوە بریتیـە لـە چـەپکێ ئایدیـا کـە پـەیوەندی ناوکۆییـان لەگـەڵ یـەکتردا هەیـە، چـەپکێ ئایدیـا لەمـەڕ مـرۆڤو کۆمـەڵگاو سیاسـەتەوە، لەلایـەکی تـرەوە ناسـیونالیزم سەرقاڵی ئەوەیە کە چۆن حاڵـەتێکی شتەکان، مەسـەلەکان بگۆڕێو حاڵـەتێکی تـر لەکۆمـەڵگادا دامـەزرێنێ. هـەروەها وەك ئایدیۆلۆژیایـەکی سیاسی، وەك ئاماژەم بۆ کـرد، وەڵامێـك بـوو بـۆ ئەو شێواویەی کە لە سـەردەمی مۆدێرنـدا کەوتـە نـاو شـێوازە باوەکـانی ژیـانو ئـەو سیسـتەمە فیکرییەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بـاڵی بەسـەر کۆمـەڵگاکانی ئـەوروپادا کێشـابوو، ئـەو پاشـاگەردانیەی کـە دوای لێـڵ بوونـی هـەموو دڵنیابوونێك هاتە ئاراوە.

ریسکە مەعریفیە یەك لەدوا یەکەکانیش بوونە مایـەی خولقـاندنی نائارامیـەکی گـەورەو هـەر خۆشـیان رووبـەڕووی ئـەو نادڵنیاییـە گەورەیـە بوونەوە. هەنگاوی یەکەم ئـەو ئیرادەیـە بـوو کـە دەتوانین ناوی بنێین "ئیرادەی زانست" هەروەها هەنگاوی دووهەم ئەو ئیرادەیە بـوو کـە دەتوانـین ناوی بنێین "ئیرادەی گۆڕیـن". ئـیرادەی زانسـت هەوڵێك بوو لەچوار دەورگرتنی هەموو بوارەکـانو دیاردەکـانی ژیـاندا بـەنیازی دەرخسـتنو دۆزینەوەی پێك هاتوەکانیان، ئیرادەی گۆڕینیش هەوڵدانێکـە بـۆ گۆڕینـی واقیـع کـە لەگـەڵ خواستـەکانی مۆدێرنـەتیدا بگونجێ. لـە رێگـەی ئیرادەی گۆڕینەوە، کە ناسیونالیزم بەشـێکە لـەو

ئیرادەیە، دینامیکیەتێکی تازە لەکۆمەڵگادا هاتەکایەوەو هەوڵی ئەوە درا کە دەروازە لەبەردەم ئیمکانیاتو خەونەکاندا بخرێتە سەرپشت.

پێش ئەوەی باس لە ناسیونالیزم بکەین لەشوێنی خۆیدایە کە بەرئەنجامەکانی مۆدێرنیزم لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

1-بەعەقڵی کردنی فیکری زانستی (عقلنە فکر العلمی) مۆدێرنەتی وەك پرۆژەیەك نەدەبوو بێ بەعەقلانی کردن فیکرو بێ جیاکردنەوەی عەقڵی زانستی لەویژدانی ئایینیو زانستەکان نەدەهاتنە ئاراوە گەر زانست شوێنی سەربەخۆی مسۆگەر نەکردایە.

2-بەعەقڵیکردنی گووتاری ئایینی: ئەم پرۆسەی بەعەقڵیکردنە ڕێگەی بۆ خوێندنەوەیەکی عەقڵی تێکستی ئایینی خۆش کرد، شیکردنەوەی تێکستی ئایینی لەڕێگەی دراوەکانی هاوچەرخەوە (معطیات العصر). ئەم پرۆسەیەش لە ڕینسانسەوە دەستی پێکردو مارتن لۆسەر درێژەی پێداو تاگەیشتە هیومو کانت کە خۆی بانگەوازێك بوو بۆ گەڕانەوە بۆ تێکست. لێرەدا ناچارم ئاماژە بۆ کتێبەکەی کانت بکەم بەناوی "ئایین تەنیا لەچوارچێوەی عەقڵدا".[1] ناونیشانی ئەم کتێبە دروشمی سەدەی هەژدەو نۆزدە بوو لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاین، ئایین تەنیا لەچوارچێوەی عەقڵدا.

3-بەعەقڵیکردنی فیکری سیاسی: زانستی سیاسی لای ماکیاڤیللی جەغدکردنە بۆ سەر دوو خاڵ، یەکەم جیابونەوە لەبیرکردنەوەی میتافیزیقی لەکاروباری دەوڵەتدا، واتە سیاسەت خاوەنی مەعقولیەتی خۆیەتی لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا، دووهەم، جیابوونەوە لە جیهان بینی ئایینی، واتە دەستەڵاتی سیاسی بەپلەی یەك کۆمەڵایەتییەو نابێت پشت بەڕەوایەتیەکی دەرەکی ئاینی ببەستێ. بەعەقڵیکردنی بۆ عەقڵانیەتێکی تازە خۆش کرد بەئازادکردنی عەقڵ. لەجیاتی چۆك دادان بۆ قەدەرو واقیع، عەقڵ کەوتەسەر کەڵکەڵەی ئەو قەناعەتەی کە دەتوانێ سنورێ بۆ توندوتیژی سروشتو توندوتیژی مرۆڤو زۆرداری میریدا بنێ. هەر یەك لە شۆڕشەکانی ئینگلیزی ئەمەریکی- فەڕەنسی پێداگرتنێ بوو لەسەر ئازادی کۆمەڵانی خەڵك لەدیاریکردنی چارەنووسیاندا.

لێرەوە ناسیونالیزم وەك بیروڕایەك هەوڵدەدا کە سەرچاوەیەك، شوێنێك بۆ شوناسی تاکەکەس بدۆزێتەوە لەنێو "خەڵك" داو مەبەستیش لەخەڵك یا گەل ئەو کیانەیە کە هەڵگری دەستەڵاتداریە (Sovereignty)، بابەتی کۆنترۆڵیکەری وابەستەییە، گەل سەرچاوەو بناغەی هاریکاری دەستەجەمعییە، ئەمەش یەکەم توخمی ئەو ئایدیۆلۆژیە سیاسییەیە، واتە ناسیونالیزم. هەروەها بناغەی ناسیونالیزم بریتییە لە ئایدیا. ناسیونالیزم وەك هێزێکی داینامیکی تایبەتی یاخود وەك شێوازێکی بیرکردنەوە مرۆڤایەتی دابەش دەکا بەسەر نەتەوەکاناو گروپە ئیتنیکیەکاندا، هەر نەتەوەیە یا جڤاتە (Community) چەند خاسیەتێکی خۆی هەیە یا ڕۆحی میللی خۆی هەیە. نەتەوە یا خەڵك لێرەدا ڕۆڵی گشت دەبینێو ئازادی تاکەکەسیش کە بریتییە لەجێبەجێکردنی خودو بەخودگەیشتن، ئەم ئازادیەش ئەوکاتە بەرکەماڵ دەبێت کە تاکەکەس تەماهی بکا لەگەڵ "گشت"دا.

هەروەها گشت دەشێ دەوڵەت بێ، لێرەدا ئازادی تاکەکەس کە بریتییە لە بەخۆگەیشتن شایانی وێناکردن نیە جگە لە چوارچێوەی هوشیاریەکی گەردوونی یاخود دەوڵەت، ئەویش ڕای هیگڵە. لێرەوە تاکەکەس بەشێکە کە ماناو مەبەست لەگشتەوە وەردەگرێو مەبەستیش لەگشت یا گەلە یا دەوڵەت. بەپێی ئەم سیستمی

ئایدیایە رۆحی ئەو نەتەوەیەش زمانە. زمان رۆحی نەتەوە رادەگریو رۆحی نەتەوەش بریتییە لەمێژووی نەتەوە. لەکتێبەکەیدا فینۆمینۆلۆجیای رۆح هیگڵ پێی وایە کە رۆح دەبێتە ئەوەی کە هەیە یا بەو حاڵەتەی دەگا کە هەیە لەرێگەی مێژووەوە، کەواتە رۆح هیچ نیە جگە لەم مێژووە، رۆح بریتییە لە هۆشیاری رۆح بەرانبەر بەخۆی لەمێژووی خۆیدا. نەتەوە. "ئەو رۆحەیە کە دەدرەوشێتەوە، بەرزدەبێتەوە، خۆی پەخش دەکاتەوە لەمێژوودا تا خۆی بدۆزێتەوە"

رەوایە گەر بڵێین بزووتنەوە ناسیونالیستیەکان مەستن بە ئایدیای مێژوو، یا لە مێژوودا غەروری نەتەوە دەدۆزنەوە یاخود وا لەمێژوو دەڕوانن کە کانگای هەموو ئەو زوڵمانەو، ناعەدالەتیانەیە کە بەرانبەریان کراوە، یاخود بزووتنەوە ناسیونالیستیەکان هەوڵ دەدەن مێژوو دروست بکەن، مێژوو بەمانای یادەوەری مێژوویی نەتەوە، مێژوو فەنتازیا دەکەنو بەو شێوەیەی کە لەخزمەتی ئێستاو داهاتوودا بێت، یاخود لەخزمەتی نیازە ئایدیۆلۆژیەکانیاندا بێت. بۆ نمونە رووداوێکی وەك تێك شکانی شای سڕبەکان لە 1389دا لەسەردەستی عوسمانیەکاندا لای ناسیونالیزمی سڕب تەفسیرێکی ناسیونالیستانەی بۆ دەکریو نەك ئەلبانیەکان لەو مێژووە فرێ بدرێنە دەرەوە کە ئەو کاتە ئەلبانیەکان موسوڵمان نەبوونو لەپاڵ سڕبەکاندا دژی عوسمانیەکان بوون، نەك ئەوەندە بەڵکو ئەلبانیەکان دەکەنە نیشانەی رقو دوای حەوت سەد ساڵ دەیانکەن بە لێپرساو لەو تێکشکانەیان لەبەردەم عوسمانیەکانداو کاریێ دەکەن کە ئەمڕۆ ئەلبانیەکان باجی ئەو مێژووە بدەنەوە.

بیرۆکەی دروست کردنی مێژوو پەیوەندی بەتوخمێکی تری ئەو هێزە ئۆرگانیکەوە هەیە، ناسیونالیزم، بریتییە لە ئەفسانە. لەناسیونالیزمدا ئەفسانە رۆڵێکی نکوڵی لێنەکراو دەبینێ. ئەفسانە خەڵکی لەدەوری یەکتر گرد دەکاتەوەو هەستی وابەستەییان لا بەهێز دەکا. هەروەها ئەفسانەکان رەوایەت دەبەخشن بە وەزعی هەنووکەیی لەسەردەمانی ئارامیو جێ بەخۆگرتوودا، لەحاڵەتی ئاشوبو نائارامیشدا ئەفسانەکان نەخشەی گۆڕانکاریەکان دەکێشن. بۆ ئەوەی تەبایی بەرکەماڵ بێت بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی دەبێت چەند رێگایەکی هەبێت بۆ خۆ نوێنەرایەتی کردنو خۆنیشان دان، دەبێت ئەو رێگایانەی لەبەر دەمدابێت تا بتوانێ شوناسێکی تایبەتی داتاشێ، بەهۆی هۆکارەکانی وەکو ئەفسانەو سرووتەوە. ناسیونالیزم بانگەشە بۆ ئەو ئەفسانانە دەکا کە لە رەگو ریشەو مەبەستە نەتەوەییەکان دەدوێن، لەهەمان کاتدا سەرگەرمی پراکتیکی سومبولی دەبێت تا لە ئەوانی دی، ناسیونالیستەکانی دی جیایان بکاتەوە.

لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئەفسانەکان جەغد لە باڵادەستی جڤات دەکەنو یەکێ لە ئەنجامەکانیش ئەوەیە کە جڤات واخۆی نیشان دەدا کە یەکەیەکی پتەوەو هاریکاری باڵادەستە.

وەك ئێرنست کاسێرەر جەغدی لەسەر دەکا "لەسیاسەتدا ئێمە هەمیشە لەسەر خاکێکی بورکانی دەژین"[3]. کەواتە ئێمە دەبێت ئامێرو هۆکاری گونجاومان بەدەستەوە بێت تا رووبەڕووی تەقینەوەی بورکانەکان ببینەوە. کۆمەڵانی خەڵکی هەمیشە لەژێر رەحمی توندوتیژترین سۆزدان، کاتێك ئەم سۆزانە بەدوا پلەی خۆیان دەگەن، کۆمەڵانی خەڵکی لەگەڵ ناعەقڵانیترین حاڵەتدا دەڕۆنو هەڵدەکەن وەك رەنگدانەوەیەکی ناعەقڵانیترین ئارەزووەکانیان. ئەوەش بەو مانایە نایەت کە تەواو عەقڵیان پشت گوێ خستوە یا پێویستیان بەعەقڵ نیە، بەپێچەوانەوە بۆ ئەم جۆرە سیستمە لەباوەڕ

پێویستیان بەعەقڵە، مەبەستم لەم حاڵە ئەوەیە کە لە حاڵەتێکی وادا عەقڵ دەچێتە خزمەتی سۆز، یا غەریزەکانەوە، عەقڵ دەچێتە خزمەتی کۆمەڵێ رازو نیازی ئایدیۆلۆژی، کاری عەقڵ دەبێت بە بەعەقڵەنە rationalization بەهانە داتاشین بۆ کۆمەڵێ بیرۆکەو هەندێ هەڵوێستو هەڵسو کەوتو مامەڵەکردن، بۆ نمونە خستنەگەڕی عەقڵ لەخزمەت لایەنگیریو جیاخوازی (تمیز)و دەمارگیری. گرنگە سەرنجتان بۆ ئەوە رابکێشم کە من دەربارەی ئەفسانە سیاسیەکانی مۆدێرن قسە دەکەمو ئەوەمان لەیاد بێت کە مەبەستی من لە ئەفسانە هەم مانا تەقلیدیەکەی ئەفسانەیەو هەم مانا نا تەقلیدیەکەی ئەفسانەیە– مەبەست لە ئەفسانە بەمانا تەقلیدیەکەی ئەوە دەگەیەنێ کە ئەفسانە بەرهەمی چالاکیەکی عەفویانەیە، بەرهەمێکی سروشتیە. بەڵام هەندێ لە ئەفسانە سیاسیەکانی مۆدێرن خود بەخود گەشە ناکەن یا سەر هەڵنادەن بەڵکو دروست دەکرێن، دادەتاشرێن لەلایەن ئایدیۆلۆژیاکانەوە لەسەر بناغەیەکی پتەوی پلان دانان. لێرەوە لەڕێگای بەکارهێنانی میتۆدی مۆدێرنەوە، ئەفسانە دەشێ دابهێنرێ هەر وەك بەرهەمەکانی تر، ئەوەی کە پێویستە بۆ ئەم چالاکیە تەنیا یەك ئایدیۆلۆژیاو هۆکارەکانی راگەیاندنی وەکو رۆژنامەو رادیۆو بنکەیەکی بڵاوکردنەوە. هەروەها لە ناسیونالیزمدا ئەفسانەکان پەیوەندیان هەیە بە نوێنەرایەتی کردنیسومبولیەوە، پەیوەندیان هەیە بە سرووتو سومبولەکانەوە. لەیادمان بێت کە نەتەوە بوونێکی کۆنکرێتی نیە لەدەرەوەی سومبولیزمەوە، لەدەرەوەی سومبولەکانیەوە کە بەهۆیانەوە نەتەوە خۆی نیشان دەداو شایانی ناسینەوەو دەرك پێکردنە. هەروەك مایکڵ والزەر دەڵێ "دەوڵەت نادیارە، دەبێت بەکەس بکرێ پێش ئەوەی بتوانرێ ببینرێ، دەبێت چواردەوری بە سومبول بگیردرێ پێش ئەوەی شایانی خۆش ویستن بێت"[(4)].

مادامێك خەڵکی لەڕێگای چاویلکەی سومبولەکانەوە لەجیهان دەڕوانن، سەختە بۆیان کە هۆشیار بنو ئاگاداربن لەوەی کە ئەو سومبولانە لەچی پێك هاتوونو چ کاریگەریەکیان هەیەو دەبێت. بەکورتی، خەڵکی بەتەنیا دروست کەرو داهێنەری شمەكو بابەتە ماتەریاڵیەکان نین بەڵکو داهێنەرو بەرهەمهێنەری سومبولیشنو سومبولیش مەسرەف دەکەن، مرۆڤ بوونەوەرێکە بە سومبول دەژی. لەڕێگای سومبولەکانەوەیە کە خەڵکی مانا بەژیانیان دەبەخشن، مرۆڤەکان خۆیان دروست دەکەن، واتە وێنەی خودیان وێنا دەکەن لەڕێگای تەماهیکردنی سومبولیانەوە Symbolic identificatiomn لەگەڵ نەتەوە، گروپ، چڤات یا دەوڵەتدا. ئەو نوێنەرایەتی کردنە سومبولیە تەنیا لەبابەتی بێگیان پێك نەهاتووە وەك ئاڵا، بەڵکو ئەو تاکەکەسانەش دەگرێتەوە کە سومبولی ئەو یەکە سیاسیەن، قارەمانو پاڵەوانەکانی نەتەوەو شەهیدان.. و هتد. هەوڵەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوە لەدوای کۆلۆنیاڵیزمەوە بە نمونە بهێنینەوە کە هەرهەموو پرۆسەی دروست کردنی مێژوو و قارەمانە سیاسیەکانو داڕشتنی کۆمەڵێ ئەفسانەیان لەخۆگرت. تا ئێرە ئەو توخمانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن ئەمانە بوون، بیرۆکەی خەڵك یا گەل، زمان، ئەفسانەو سومبولو خەیاڵ، بوونی یەك مێژوو وەك هەڵگری رۆحی نەتەوە.

2–ڤیکۆو کۆ خەیاڵیەکان Imaginative Universals

ڤیکۆ پێی وابوو کە "یەکەم زانستێ کە دەبێت فێری بین زانستی میتۆلۆجیایە یاخود راڤەکردنی خوڕافە"[(5)] لەم رێگەیەوە تێگەیشتن لەزەینی (زهنیەتی) مرۆڤ دەشێ لەو شوێنەوە

دەست پێبکا کەزەینی مرۆڤ لێوەی دەست پێدەکا واتە ئەفسانەکان. ڤیکۆ ئەفسانە وا پێناسە دەکا وەك "پۆلێ لە چەمکە خەیاڵییەکان". ئەفسانەکان بریتین لەڕازاندنەوەی رووداوە راستەقینەکان یاخود کەسایەتیە مێژووییەکان. ئەم بۆچوونە رۆڵی ئەفسانەمان دەهێنێتەوە یاد لە رەوتی ناسیونالیزمدا. وەك ئاماژەم بۆ کرد ناسیونالیزم هەوڵ دەدا کە ئەفسانە بخاتەگەڕو مێژوو لە بەرگێکی ئەفسانەیی بگرێ، رووداوەکان ئەفساناوی بکا.

کۆی خەیاڵی چییە؟ کۆی خەیاڵی وەزیفەی مانابەخشین دەبینێ، واتە رێگایەکە کە لێوەی مەعقولیەت یا مانا دروست دەکرێ، وێناکردنێکە دەربارەی چۆنێتی دروست کردنی مانا لەسەرەتاکانی زەینی مرۆڤدا یاخود سەرەتاکانی جیهانی مرۆڤدا. ئەفسانە کە پشت بەتوانای فەنتازیا دەبەستێت ئەو هۆکارەیە کە لە رێگەوەی مرۆڤ دەتوانێ شێوە بە جیهان ببەخشێ.

کۆخەیاڵییەکان شێوەی فیکرن بۆ دوو سەردەم لە سێ سەردەم کە ڤیکۆ پێی وایە مێژووی مرۆڤایەتی پێك دەهێنن، سەردەمی خواکانو سەردەمی قارەمانەکان. کۆی مەعقولیش Universal Intelligible شێوەیەکی تری فیکرە کە خاسیەتی سەردەمی سێهەم کە سەردەمی مرۆڤەکانە، کۆی مەعقول بریتییە لە چەمکێکی گشتی لۆژیکی ئەرستۆیی. سەردەمی خواکان سەردەمێك بوو کە تێیدا مرۆڤ جیهانی خۆی بەپێی وێناکردنی بۆ خواکان رێکخستوە. سەردەمی قارەمانەکانیش ئەو سەردەمە بوو کە ئینسان جیهانی بەپێیوێناکردنی بۆ قارەمانەکان رێکخستوەو شێوەی بەجیهان بەخشیوە. بەڕای ڤیکۆ خەڵکانی سەرەتایی توانیویانە رێكو پێکیەك بە ئەزموونەکانیان ببەخشن نەك لەڕێگەی کوتکردنەوە یا بینینەوەی کۆمەڵێ خاسیەت کە کۆمەڵێ بابەت تێدا بەشدارن، بەڵکو لەڕێگای دروست کردنو داهێنانی وێنەی ئایدیاڵەوە ideal Portrait، و ئەم وێنەیەش شێوەی ئەفسانەی بەخۆوەدەگرت، وەك وەسفێکی واقیعێکی تایبەتی.

ڤیکۆ دەنووسێ:

"خەڵکانی سەرەتایی رەگەزی مرۆڤایەتی، منداڵانیش، بێتوانا لەوەی کە پۆلێ لە چەمکە مەعقولەکان دەربارەی شتەکان دروست بکەن، پێویستیەکی سروشتیان هەبوو کە داهێنانی کاراکتەرە شیعریەکان، واتە چەپکێ لە چەمکە خەیاڵیەکان یا کۆخەیاڵیەکان، بۆ هەندێ مۆدێل یاخود وێنەی ئایدیاڵ، بەنیازی کورتکردنەوەی ئەو بەشانەی کە لێیان دەچن"[(6)]

کۆی خەیاڵی سەردەمی یەکەم، واتە سەردەمی خواکان، بریتییە لە گەڵاڵەکردنی ئەزموونە راستەوخۆکانی هێزە سروشتیەکان، بۆ نمونە ئامادەبوونی خودا وەك بروسکە. قارەمانەکانی سەردەمی دووهەمیش شێوە بە کاراکتەری مرۆڤ دەبەخشن، بۆ نمونە ئەکسیلی (لە ئەلیادەی هۆمیرۆسدا) نوێنەری "کرداری هەموو جەنگاوەرەکانە"[(7)]. و یولیسیس بەرجەستەبوونی "هەموو مرۆڤە زیرەکەکانە". بیرکردنەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکان لەشێوەی دەربڕینی شاعیرانەدا بوو وە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هەوڵێك بوو بۆ مانا بەخشین بەجیهان. لەکۆ خەیاڵیدا کە خاسیەتی دوو سەردەمە، سەردەمی خواکانو پاڵەوانەکان، زمان هەمیشە وەك میتافۆر کاردەکا، هەمیشە لە سومبولیزمی خۆیدا بەشەکان لە رێکخستنێکدا دەپارێزێ. لێرەوە ئەفسانە یا کاراکتەری شیعری واقیعی ترە لە تاکەکەسو تاکەکەس هەقانیەتی بوونی خۆی لەکۆی خەیاڵی یا کاراکتەری

شیعری‌یەوە یا ئەفسانەوە وەردەگرێ. بۆ نمونە، ڤیکۆ دەڵێ "راستەقینەترین سەرکردەی جەنگ ئەو گەدفری Godfresیەیە کە تۆرکاتۆ تاسو فەنتازیای کردوە، لێرەوە هەموو سەرکردەکان کە لەگەڵ وێنەی گەدفریدا تەبا نایەنەوە سەرکردەی راستەقینەی جەنگ نین"[8]

تاك ئەوەیە کە هەیە چونکی بوونی بریتی‌یە لەبوونی تایپ/ نمونە لەلایەن عەقڵی شیعری‌یەوە کاراکتەری شیعری لەڕێگای ئەبستراکت کردنی بەشەکانەوە دروست ناکرێ، کاراکتەری شیعری خۆی واقیعەو واقیعی فیزیکی دەبێت خۆی لەبەردەم ئەو واقیعە شیعریەدا بگونجێنێ. واتە کاراکتەرە شیعریەکان هەلو مەرجن بۆ واقیع لەجیاتی ئەوەی کە ئەبستراکت (رووت کراوە) بن یاخود کۆمەڵی بەگشتی کردن بن لەتاکە ئیمبریکیەکانەوە. کەواتە تاك ناشێ بیری لێ بکرێتەوە، وەك ئەوەی کە خۆی لەخۆیدا واقیعەتی هەبێت جودا لە کاراکتەرە شیعری‌یەکە، تاکەکەس ئەوەیە کە هەیە تەنیا لەڕێگای شوناسیەوە لەگەڵ کاراکتەری گشتی. لەدیدی ڤیکۆوە خاسیەتی سەرەکی بیرکردنەوەی ئەفسانەیی یا بیرکردنەوەی شیعری بریتی‌یە لە دەسەڵاتی ئەو بیرکردنەوەیە لە جەغدکردنە سەر شوناسەکان نەك لێکچوەکان. واتە تاك لەڕێگای ئەنالۆژی (بەراوردکردن)یەوە واتە بوون وەك وێنەی ئایدیاڵ خەیاڵ ناکرێ‌و وێناناکرێ بەڵکو تاك ئەوەیە کە هەیە تەنیا لەڕێگای شوناسیەوە لەگەڵ کاراکتەری شیعری. جەنگاوەر وا سەیری خۆی ناکا جیا لە ئەکیلی، بەڵکو جەنگاوەر ئەوەیە کە هەیە، ئەو و ئەکیلی یەك واقیعیان هەیە. بیرکردنەوەی شیعری لەشوناس دەدوێ، نەك لەیەك چوون، تەنیا کۆی مەعقول لەجیاوازی‌و لێك چوون دەدوێ لەڕێگای توانای ئەبستراکت کردنەوە. بیرکردنەوەی شیعری دەتوانێ پڕبەماناوە حەغد لەسەر ئەوە بکا کە هەر ئەندامە لە پۆلی پیاوە حەکیمەکان لەرووی حەرفیەوە، ئۆلیسیسە، ئەوە نا کە هەریەکە ئۆلیسیسێکە، یاخود لە ئۆلیسیس دەچێ، بەڵکو هەریەکە ئۆلیسیسە بۆخۆی، یاخود یەك شوناسیان هەیە لەگەڵ ئۆلیسیس. مەبەستی ڤیکۆ ئەوەیە کە لەڕێگای فەنتازیاوە بەش وەك گشت، کۆشێوە وەردەگرێ‌و وێنا دەکرێ.

هەرچی پەیوەندی بە کۆ مەعقولەکانەوە هەبێت بریتین لە شێوەی فیکر کە خاسیەتی سەردەمی سێهەمە، سەردەمی مرۆڤەکان. چەمکەکان لە لۆژیکی ئەرستۆیدا لەلایەن دەسەڵاتی عەقڵەوە دروست دەکرێن تا لە هەمە چەشنی بەشەکاندا ئەو خاسیەتانە هەڵبژێرن کە هەر هەموو هاوبەشن تێیدا، کەواتە بابەتەکان پۆلێن دەکرێن لەرووی هەبوونی چەند خاسیەتێکەوە. وەزیفەی فیکر ئەوەیە کە بەراورد بکاو جیاوازی بخاتە ناو خاسیەتەکانی بابەتەکانە، کۆیی گشت بریتی‌یە لەو خاسیەتانەی کە هەموو ئەندامانی پۆلێکی تایبەتی تێیدا بەشدارن. لەرەوتی کلتوری مرۆڤایەتیدا کۆ خەیاڵیەکان لەبەردەم کۆ مەعقولەکاندا پاشەکشەیان کردو ئەمەی دواییان کە خاسیەتی سەردەمی مرۆڤەکانە، بوە باڵادەست.

بابزانین کۆی خەیاڵی چۆن کاردەکا! ڤیکۆ قسە لە پرنسیپێك دەکا کە کاری ناوخۆیی کۆی خەیاڵیە ئەویش پرنسیپی ڤێرم- فاکتیۆم Verum- Factum کە دەتوانین بەم شێوەیە بەکوردی دایبڕێژینەوە دروست کراو/ راستی. پرنسیپی دروست کراو/ راستی ئەو پرنسیپەیە کە دەڵێ "ئەو شتەی راستە یەکسانە بەو شتەی کە دروست کراوە". هەروەك چۆن خودا جیهان دەناسێ چونکی خودا خۆی دروستی کردووە، ئاوهاش مرۆڤ دەتوانێ جیهانی کۆمەلایەتی‌و کلتوری بناسێ لەبەر ئەوەی دروست کراوی خۆیەتی. بۆ یەکەمین جار ڤیکۆ لە کتێبەکەیدا

(کۆنترین حیکمەتی ئیتالیەکان) باس لەم پرنسیپە دەکا. ڤیکۆ پرنسیپی ڤێرم/ فاکتیوم، دروست کراو/ راستی وەك دژە پرنسیپێکی دیکارتی گەڵاڵە دەکا، دژ بە چەمکێکی دیکارتی چەمکی "ئایدیا ئاشکراو جیاوازەکان". Verum بریتی‌یە لە مەعقول/ دروست کراو، مەعقول بۆ دروست کەرەکەی. ئێمە دەتوانین هۆکانو شێوەکانی شتە مرۆڤیەکان بناسینو بزانین لەڕێگای جارێکی‌دی گەڕانەوە بۆ ریشەکانیان، لەڕێگای یادەوەری‌یەوە، وە بیرهێنانەوەی سەرەتاکانیان. ئەمەش زانستێکی راستەقینەو جیاوازە لە کۆنشێنسیا Conscientia یاخود هۆشیاری کەلای دیکارت بریتی‌یە لە دڵنیابوون لەبابەت. پرنسیپی "راستی بریتی‌یە لە دروست کراو" لەئایدیای کۆی خەیاڵیدا بەتەواوی ئاشکرا دەکات. لێرەدا تێگەیشتنێکی دی هەیە سەبارەت بە ریشەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ لە میتافۆرە دروست کراوەکانی مرۆڤەوەو رێگا ئەفسانەییەکانەوە بۆ دروست کردنی چەمك کە کارێك دەکا بیرکردنەوە شیاوبێت. کۆی خەیاڵی بریتی‌یە لەداڕشتنێکی ئەفسانەیی‌و لێرەوە رۆڵە بنەڕەتیەکەی بریتی‌یە لەرۆڵی شوناسی. لەکۆی خەیاڵیدا بەشەکان تەماهی دەکەن لەگەڵ وێنەی ئایدیاڵدا، جیهان وا وێنا ناکرێت وەك ئەوەی پێك هاتبێت لەبەشە جیاوازەکان بەڵکو یەکێتیەکە لەلایەن هێزێکی گەردوونی‌یەوە پێکەوە گرێدراوە. کاسێرەر لەکتێبەکەیدا بیرکردنەوەی ئەفسانەیی: بەرگی دوو. فەلسەفەی شێوە سومبولیەکان دەنووسێ "لەدیدی ئەفسانەییەوە گشت بەشەکان نیەو ناشێ ورد بکرێتەوە بۆ سەر بەشەکان، بەشی راستەوخۆ گشتەو وەك گشت فەرمان دەکا"[(9)]. کەواتە بەش تەنیا نوێنەری گشت نیە بەڵکو گشت بەیان دەکاو پەیوەندی گشتو بەش سومبولی نیە، عەقڵی نیە بەڵکو پەیوەندیەکی راستەقینەیەو بەش لەڕووی ئەفسانەییەوە هەر هەمان شتە وەك گشت.

لەپاڵ کۆ خەیاڵیەکانیشدا، ڤیکۆ لە زانستی نوێدا فەنتازیا بەمانایەکی تریش بەکاردەهێنێ. مانای دووهەمی فەنتازیا تێگەیشتنی وەبیرهێنانەوە ئاسا لەخۆ دەگرێ، واتە تێگەیشتنێ کە پشت بە توانای یادەوەری دەبەستێت لەمەڕ گەشەکردنی مرۆڤانە بەدرێژایی مێژوو، لێرەدا ڤیکۆ بیرۆکەیەکی نوێ بەکاردەهێنێ "مێژووی سەرمەدی ئایدیاڵ (مثالی) ideal eternal history، کە بریتی‌یە لەمێژووی بازنە ئاسای نەتەوەکان. مادە خامەکانی مێژووی سەرمەدی ئایدیاڵ لەلایەن فیلۆلۆجی‌یەوە دەخرێتە بەردەم فەلسەفەو فەلسەفەش دامەزراندنەوەی خەیاڵی توخمە گەردونیەکانە. ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە کە لەو دراوە فیلۆلۆجیانە وردبێتەوەو ئەوە دیار بخا کە حیکمەتی خودایی چی کردوە لەمێژوودا لەڕێگای توانای مرۆڤەوە بۆ دروست کردنی مێژوو. مێژووی سەرمەدی ئایدیاڵ پەیوەندی بەزانستی نەتەوەکانەوە هەیە، زانستی نەتەوەکان یاخود مێژووی جیهانی مرۆڤ ئەوە دەخوازێ کە راستی دروست بکرێ بەڕێگەی دڵنیابوونەوە. ئەو شتەی کە لەبنەڕەتدا لەلایەن مرۆڤەوە دروست کراوە، ترادسیۆن، زمان یاسا لەڕەوتی ژیانێکی تایبەتی کۆمەڵە خەڵکێکدا دەبێت جارێکی دی دروست بکرێتەوە لەلایەن بیرکردنەوەی فەلسەفی‌یەوە دەبێت ئەوە نیشان بدا کە چۆن ئەو مێژووە نەك تەنیا هەلو مەرجو مێژووی ئەو خەڵکەیە بەڵکو پرنسیپی جیهانی مرۆڤایەتی‌یە.

گوتمان ڤیکۆ باس لە سێ سەردەم دەکا، سەردەمی خواکانو سەردەمی قارەمانەکانو سەردەمی مرۆڤەکان. بەڕای ڤیکۆ سەردەمی مرۆڤەکان کە لە رێگای کۆمەعقولەکانەوە حوکم دەکرێت خاسیەتێکی سەرەکی هەیە ئەویش

پەرەوازە بوونی مرۆڤەکان لەیەکترو دارِزانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی. ڤیکۆ ئەم سەردەمەی دوایی بە بەربەریزم لەقەڵەم دەدا، سەردەمی بەربەریزمی عەقڵ، بەڵام ڤیکۆ پێی وایە کە لەسەردەمی مرۆڤەکاندا کە سەردەمی کۆمەعقولەکانەو سەردەمی پووکانەوەی فەنتازیا، پرۆسەیەك هەیە کە ڤیکۆ ناوی دەبا بە پرۆسەی جارێکی دی دۆزینەوەی فەنتازیا یاخود سەرهەڵدانەوەی فەنتازیاو هەر ئەمەشە هۆی ناونانی کتێبەکەی بە زانستی نوێ کە زانستێکە لەیادهێنانەوەی فەنتازیا دەدوێو هەر ئەم یادهێنانەوەیەی فەنتازیایەشە کە دەبێتە مایەی ئەوەی شوناسی مرۆڤەکان مسۆگەر بکا. مرۆڤەکان لەرِێگای وەبیرهێنانەوەی فەنتازیاوە دەتوانن خۆیان وێنا بکەنەوە زیاتر لەو بۆچوونە تەختو راستەی دیکارت کە بۆچوونێکی زانستییەو دەبێتە مایەی بەگەرِخستنی سروشتو مرۆڤەکانو دەبێتە مایەی دارِزانی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی جڤات. فەنتازیا، لەرِێگەی هەردوو بیرۆکەی کۆخەیاڵیەکانو ریشە ئەفسانەییەکانو مێژووی گەردوونی ئایدیاڵ، ئەو شتەیە کە پێویستە تاکو مرۆڤەکان لەسەردەمی مرۆڤەکاندا بتوانن ببن بە مرۆڤو بزانن کێنو تابتوانن شوناسیان هەبێت، بەخەبەر هێنانەوەی فەنتازیایە کە دەبێتە مایەی دەرك کردن بە نزیکی ژیان. کەواتە فەنتازیا یارمەتیمان دەدا وەك جڤات، وەك گروپ دوورە پەرێزی بکەین لەسەرەولێژ بوونەوەی تراژیدی بەرەو بەربەریزمی زیاترو لەسەر ئاستی تاکەکەسیش فەنتازیا یارمەتیمان دەدا تا زیاتر ببینە مرۆڤ.

هەرچی پەیوەندی بەفیکری سیاسی مۆدێرنەوە هەبێت، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە عەقڵانیەت ناتوانێ ئایدیایەکی گونجاو و وێنەیەکی پشت پێ بەستراومان دەربارەی جیهان بدا بە دەستەوە، جیهانێ کە هەمیشە لەگۆرِاندایەو شێوەیەکی نەگۆرِی نیە. جیهانێ لەوجۆرە خۆی نادا بەدەست جیهان بینیەکی تەختو رێکی وەك جیهان بینی عەقڵی کە تەنیا پشت بەعەقڵ دەبەستێ. لای ڤیکۆ ئەو شتەی کە زۆر بنەرِەتیە بیزانین ئەوەیە کە ratio عەقڵ ناتوانێ یارمەتیمان بدا لە سیاسەتدا، لەبەر ئەوەی عەقڵ عەوداڵی چارەسەرێکە تەنیا چارەسەرێك بۆ هەموو گیروگرفتەکان. هەروەها لەبەر ئەوەی سیاسەت لەسەر یاسای سروشتیەوە نەهاتۆتەوە ئاراوە بەڵکو لەسەر یاسای مرۆڤیەوە هاتۆتە ئاراوە، لەبەر ئەوەی فیکری سیاسی رووبەرِووی جیهانی ئەم یا ئەو نابێتەوە بەڵکو رووبەرِووی جیهانێك دەبێتەوە کە پێك هاتوە لە کۆمەڵێ رەهەندو کۆمەڵێ ئەلتەرناتیڤ، مرۆڤ ناتوانێ پشت بە عەقڵ ببەستێ. بێگومان گووتاری عەقڵانی– لۆژیکی خاوەنی دەستەڵاتی خەیاڵ نیە تابتوانێ چارەسەرەکان بۆ ئەو جیهانە سیاسیە بدۆزێتەوە، کە هەمیشە لەگۆرِاندایە. لەیادمان بێت کە لەسەرەتای فەلسەفەی مۆدێرندا دیکارت ریتۆریك (رەوانبێژی) و بابەتەکانی تری وەکو ئەو کە گونجاون بۆ سیستەمی پەروەردە لە فەلسەفە کردنیە دەرەوە. غەمی دیکارت ئەوە بوو کە "راستی بنەرِەتی" بدۆزێتەوەو لەو راستیەوە دەسکەوتە میتافیزیقیەکان هەڵبهێنجێ. بەڵام بەکردنە دەرەوەی رەوانبێژی لە فەلسەفە، فەلسەفەی رەخنەگرایی چادرێکیدا بەسەر چالاکیەکی گرنگی مرۆڤداو ئەنجامەکانیشی چارەنووس سازن. بۆ نمونە ڤیکۆ لەو باوەرِەدا بوو کە قوتابیانی لاو ناتوانن لەگەڵ ژیانی جڤاتدا، ژیانی خەڵکدا دەرگیربن، ناتوانن رێنومایی خۆیان بکەن لە رێگەی حیکمەتێکی گونجاوەوە. ڤیکۆ لە کتێبێکی تریدا دەڵێ: "ئەو شێوەی مامەڵەکردنە زیان بەخشە (پشت گوێ خستنی رەوانبێژی– فاروق)، لەبەر ئەوەی مەشق کردن لەبواری هەستی هاوبەشدا

جەوهەرییە بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤە کامڵەکان، گەر وا نەبێت لادەدەن بەلای هەڵسو کەوتی غەریبو لوت بەرزانەدا"[10]

لەشوێنی گوتاری عەقڵانی–لۆژیکی جەستەی سیاسی دەبێت پشت گیری بکرێ لەلایەن هەستی هاوبەشەوە Comonsense. هەستی هاوبەش ریشەکانی خۆی لەنێو چالاکی خەیاڵدا داکوتێو دەشێ وا سەیر بکرێ وەك سووربوونێکی ئەزموونێکی بنەڕەتی لەنێوان پێویستیەکانو سروشتدا. هەرچی پەیوەندی بەسیاسەتەوە هەبێت، هەستی هاوبەشی بریتییە لە حوکمدانێکی سیاسیانە کە ئیجرادەکرێ لەگەڵ هاونیشتمانیەکاندا لەڕێگەی زمانو عورفو عاداتو ڕێك کەوتنەوە. وەك شوێنی باوەڕبوو لای ڤیکۆ، جیهانی لەو توخمانە سەرهەڵدەدا کە لەلایەن خەڵکەوە داخوازی کراون، لێرەوە پێویستی بوونی بەمرۆڤایەتی کردنی سروشتو دامەزراندنی داموو دەستگا مرۆڤیەکانو ڕێك خستنە سیاسیەکان سەرهەڵدەداو ئەوەی لەنێ، ئەم بونیادەدا خۆی مەڵاس داوە بریتییە لە هەستی هاوبەش.

"هەستێك کە هاوبەشە لەلایەن هەمووانەوە بریتییە لە حوکمێك بێ تێڕامان. هەستێ کە بەگشتی لەلایەنی هەمووانەوە هەستی پێکراوە، لەلایەن هەموو گروپەوە، سەرتاپای خەڵکەوە، هەموو نەتەوەو یاخود سەرجەم مرۆڤایەتی"[11]

شوێنی گرنگی پێدانە کە نە بزانین رەنگدانەوەی حیکمەتی شیعریانە لەفیکری سیاسیداو بەتایبەت ناسیونالیزم لەو ڕاستیەدا خۆی دەبینێتەوە کە زمان، فیکر، خەیاڵی داهێنەرانە، میتافۆرو تایپەکانی تری قسە، وەڵامی گۆڕانکاریەکانی جیهان دەدەنەوە لە ئەنجامیشدا جیهان دەگۆڕن. بەواتایەکی دی حیکمەتی شیعری جیهان دروست دەکا، حیکمەتی شیعری واقیع تاقیدەکاتەوە، ریسك دەکا، جیهان تەی دەکا تا گەیشتن بە ڕێکەوتنێك، تا تەقلیدێك جێگیر دەبێت. ئەم بۆچوونەش پەیوەندی هەیە بە پرنسیپی دروست کراو/ ڕاستیەوە کە ئاماژەی بۆکرد، ئەو پرنسیپەی کە دەڵی مرۆڤ دەتوانێ ئە شتە وەك ڕاستی بزانێ کە تەینا خۆی دروستی کردوە. بەپێی ئەم پرنسیپە، مەعریفە بریتییە لە ڕێکەوتن Conventional، و لەجەوهەریشدا لەودیو خودێتییەوە. گرنگترین رەهەندی پرنسیپی دروست کراو/ ڕاستی بریتییە لەوەی کە زمانی سیاسی رەنگدانەوەی واقیعی سیاسی نیە بەڵکو خۆی واقیعی سیاسی دروست دەکا. زیاتر لە مەعریفە بریتییە لە ئەنجامدانی کار، ئەنجامدانی فەرمانی، و دروست کردنی، هەروەهل شوناسی کەسی زانیارو شتی زنراو لەشوناسی دروست کەرو دروستکراودا خۆی دەبینێتەوە. سروشتی هاوبەشی میللەتی جیهان ئەوەیە کە "ئاوەڵایە بۆ زانستی مرۆڤ، ئەمەش لەو ڕاستیەوە هاتوە کە جیهانی نەتەوەکان لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە دروست کراوە"[12]

بەپێچەوانەی ڤیکۆوە کە لەو باوەڕدابوو نەتەوە بەرهەمی پرنسیپی دروست کراو/ ڕاستییە، فۆنتسیکۆ لەو باوەڕەدا بوو کە کۆمەڵی هۆکار بەدروست کردنی نەتەوەدا رۆڵی خۆیان دەبینین. سەرەتا، یاسا بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە "عەقڵی مرۆڤ تا ئەو شوێنەی کە حوکمی هەموو خەڵکی سەرزەوی دەکا، و یاسا سیاسیو مەدەنیەکانی هەر نەتەوەیەش دەبێت حاڵەتی تایبەت بن کە تێیدا عەتقڵی مرۆڤ دەچەسپێنێ"[13] یاسای هەر نەتەوەیە دەشێ پەیوەست بێ بە شێوەی حکومەتەکەیەوە، بەهەلو مەرجە فیزیکیەکەیەوە (واتە ئاو هەوا، جوگرافیا) و هەلو مەرکە کۆمەڵایەتیەکەیەوە (وات ئازادی عورفو عادات، بازرگانی، ئایین). بە پلەی دووهەم، هەمو

پەیوەندیە یاساییەکان پێکەوە رۆحی نەتەوە پێك دەهێنن. ئەمەی بۆ ئێمە گرنگە چەمکی رۆحی نەتەوەیە لای لۆنتیسکۆ، هەروەها کاراکتەری نەتەوەیە، چەمکی رۆحی نەتەوە یەکێکە لە سەرەکیەترین باوەڕەکانی کتێبی رۆحی یاساکان"و یەکێکە لە چەمکانەی کەلە فیکری کۆمەڵی بیریاری ئەورووپیدا کاریگەری خۆی دادەنێ. مۆنتسیکۆ پێی وا بوو کە کارلێك کردنی هۆکارە فیزیکیو ئەخلاقیو کۆمەلایەتیەکان لە ناویەکتردا رۆحی نەتەوە بەرهەمدەهێنن. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە رۆح یا کاراکتەری نەتەوەیەك بەرئەنجامی زنجیرەیەك بێکۆتایی هۆو هۆکارەکانەو کاتێك گەلاڵە بوو باڵ بەسەر کۆمەلگادا دەکێشێ. لەسەروو ئەوەشەوە مۆنتسیکۆ پێنج هۆکار دیاریدەکا کە رۆحی نەتەوە پێك دەهێنن، ئاین، شێوەی حکومەت، یاساکان، ئەخلاقو ترادسیۆن، لەپاڵ ئەو کاریگەریەی کە هەیبوو لەسەر بیریارەکانی وەکو رۆسۆو هیگڵو هێردەروکانت، چەمکی "رۆحی نەتەوە"ی مۆنتسیکۆ خۆی لەخۆیدا بوە توخمێکی بنەڕەتی لە ناسیونالیزمدا وەکو هێزێکی سیاسی. وەزیفەی ئەم چەمکی ئەوەیە کە ئەم نەتەوە لە ئەوی دی جیا بکاتەوەو شوناسی نەتەوە دەولەمەندبکا.

3–ناسیونالیزمی سیاسی

بەشێوەیەکی گشتی رێك کەوتنێك هەیە لەنێوان کۆمەڵی لێکۆلەرەوەدا لەسەر ئەو خاڵەی کە ناسیونالیزمی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ رۆسۆ. رۆسۆ سەرجەم نەتەوایەتی یەکسان کرد بە دەربڕینی ئیرادەی خەلك. گەلەڵ رۆسۆدا هێزێ:ی نهێنی بەلام ئەم دنیای، دەستەلاتێك لەدایك بوو کە پێی دەگووترێت "خەلك". لەم رووەوە کامۆ دەلێت "پەمانی کۆمەلایەتی لەڕووی دۆگماوە تەفسیری ئاینێکی تازە دەکا کە خواکەی عەقلی، تێەڵ کراوە لەگەڵ سروشت، و نوێنەرەکەشی لەسەر زەوی، لەجێگای شا، بریتیە لەخەلك وەك دەربڕینێکی ئیرادەی گشتی، تا ئەو شوێنەی دەلێ "ئیرادەی خەلك بوە جێگرەوەی خودی خودا"[14].

بەڕای رۆسۆ زمان خاسیەتێکی سەرەکی نەتەوەیەو لە نەتەوەکانی دی جیاواز دەکاتەوە. بنەچەی زمان، بەڕای رۆسۆ، ناشێ بگەڕێتەوە بۆ پێویستیە فیزیکیەکانی تاکەکەس بەلکو دەگەڕێتەوە بۆ سۆزو پێویستیە رۆحیەکان. زمان تەنیا جومگەیەك نیە کە خەلکی پێکەوە دەبەستێتەوە بەلکو شێوە بە رۆحی نەتەوەو کاراکتەری نەتەوە بەرئەنجامی مێژوویەکی ناخودئاگای نەتەوە نیە بەلکو کاراکتەری نەتەوە زۆر جاران دەبێ دروست بکرێت بەسەر نەتەوەدا بسەپێنرێ. لێرەدا هەم رۆشنبیرانو هەم یاسادانەران رۆڵی بنەڕەتی دەبینن و هەر ئەمەشە ئەو پرۆژەیەی کە رۆسۆ لە پەیمانی کۆمەلایەتیدا سەر رێگای دەخا لەم رێگەیەوە رۆسۆ هەوڵ دەدا گیروگرفتێ کە بەرئەنجامی مل ملانێی تاکەکەسو دەولەتە چارەسەر بکا، گیروگرفتی بەرژەوەندیە خودیەکانو ئەرك. بەم جۆرە کرداری دامەزراندنی کۆمەلگای مەدەنی یەکسانە یا هاوشێوەیە لەگەڵ دامەزراندن ئەخلاق یا ئیلتیزام بەرانبەر بەیەکتر.

لەمەڕ کۆمەلگای مەدەنییەوە ئەو سەختیە هەیە کە چۆن شێوەیەك لەشێوەکان رێکخراو، چ جۆرە رێکخستنێ دامەزرێندرێ کە هەم داکۆکی لەسەرجەم جڤات بکاو بیپارێزێ، و هەم داکۆکی لە تاکەکەسو مولکیەتی هەر دەستەو تاقمە بکاو بەم شێوەیەش تاك لەگەڵ گشتدا پێکەوە گرێبداو تاك کە پێویست بێ سەرشۆڕبکا بۆ یاسا هەست بکا کە سەرشۆڕ دەکا بۆ خۆی، و ئەو پێکەوە گرێدانەش ئەو هەستە بەتاکەکەس ببەخشێ کە هەروەك پێش دروست کردنی ئەو

ڕێکخستنە ئازاد،. کلیلی چارەسەرکردن ئە کێشانەش چەمکی "ئیرادەی گشتی"یە (General Will).

ئیرادەی گشتی. General Will

چەمکی ئیرادەی گشتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆسۆدا.

لە "پەیمانی کۆمەڵایەتیدا" ئەوکاتەی ڕۆسۆ ماناکانی پەیمانی کۆمەلایەتی ڕوون دەکاتەوە، بۆ یەکەمین جار قسە لە ئیرادەی گشتی دەوکا لە کتێبی یەکەمدا:

"لەڕاستیدا هەر تاکەکەس دەتوانێ، وەك مرۆڤ، کە ئیرادەیەکی تایبەتی هەبێت کە پێچەوانەی ئیرادە گشتی بێت کە هەیەتی وەکو هاونیشتمانیەك"[15].

لەڕێگەی چەمکی ئیرادەی گشتیەوە ڕۆسۆ هەوڵ دەدا کە کۆمەڵگای مەدەنی تەفسیر بکا. ئەو لەو باوەڕەدایە ك ئیرادەی گشتی لەخزمەتی چاکەی هاوبەشدایە، تا ئیرادە گشت تر بێت عادلانەتر بێت. هەروەها ئیرادەی بەردی بناغەی مافە سیاسیەکانە. ئیرادە تەنیا توخمێکی کە لەقۆناغی سروشتیدا هەبوەو تا ئێستاش هەموو مرۆڤەکان تێدا بەشدارن.

چونکە کۆمەڵایەتیەکان پشت بە ڕێك کەوتنێك دەبەستن کە ئیرادەیە لەلایەن هەر تاکەکەسەو. لەیەکەوە، هەر هاووڵاتیە، وەك تاکەکەس، بریتیە لە خودێکی ئازادی جڤاتی سیاسی، و لەلایەکی دیکەشەوە جەستەی سیاسی کە هەموو هاووڵاتیان پێك هاتوەو، چاکەی گشتی دەخوازێ.

بەپێی ڕۆسۆ، هەروەك چۆن ئیرادەی تاك وێڵی چاکەیە، ئیرادەی گشتیش هەمان مەبەستی هەیە. لە جەستەی سیاسیدا. بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدا پێویستە کە هەمو کردارێك ئیرادەی گیشتی بەگسانی هاووڵاتیان بچەسپێنێ.

ئیرادەی گشتی دەبێت دوو پرنسیپ بەخۆی بگرێ‌ز یەکەم دەبێت بخوازێ یاخواستو ویستی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بێتو وەك بەسەر هەموو لایەکدا بچەسپێنرێ، دوو، ئیرادەی گشتی بۆ ئەوەی بەڕاستی ئیرادەی گشتی بێتن دەوێت گشتی بێت لەبابەتەکانیداو لەجەوهەریدا، دەبێت لەهەمووانەوە بێتو بۆ هەموان وەیك یەك بێت. کەواتە کردارەکانی ئیرادەی گشتی، واتە یاساکانی، جیاوازی ناخاتە نێوان تاکەکانی کۆمەڵو بەم شێوەیەش هەر هاووڵاتیەو دەتوانرێ وا سەیر بکری ك ئازادە هەروەك قۆناغی سروشتی لەبەر ئوەی سەردانەواندنی بۆ یاسا، ئەو لەڕاستیدا سەر بۆ ئەو یاسایە دادەنەوێنێ کە بەرهەمی ئیرادەی خۆیەتی. پەیمانی کۆمەڵایەتی کەسێکی ناعی artificial دروست دەکا، واتە دەوڵەت کە ئیرادەی هەیە، ئەوە وا دەرکەوێ پێویستە بۆ دەوڵەت ئەوە دەخوازێ لەلایەن دەولەتەوەو ئەوەش کە خوازرا لەلایەن هەموانەوە دەبێتە یاسا.

لێرەوە یاسا بەرهەمی ئیرادەی گشتیە. هەر تاکە ناکە لە یاسادانادا بەشداری دەکا بەڵام یاسا گشتیەو تاکەکەس وەك یاسادانەر دەبێت ئە یاسایانە دابڕێژی کە بۆ هەموو ئەندامانی جڤات دەست بدا. (ئەم ئەو مەقولەیەی کانت– مان بیردەخاتەوە کە دەڵێ: بەپێی ئەو پرنسیپە هەڵسو کەوت بکە کە دەبێت ببێتە یاسایەکی گەردوونی). ئیرادەی گشتی دەوڵەت، کە گشتی ترە لەیرادەی گشتی کۆمەڵگای ناو ئەو دەوڵەتە، دەبێت زاڵ بێت لەبەر ئەوەی چاوی لەچاکەی گشتی گەردوونی تر بڕیوە. کەواتە یەکەم بەرئەنجامێکی گرنگ کە لەم دیدەووە بەدەستمان دەکەوێ ئەوەیە کە ڕۆڵی حکومەتێکی رەوا لەودودایە کە بۆ هەموو شتێ پەیڕوی ئیرادەی گشتی بکا. مرۆڤیش وەك یاسادانەر دەتوانێ تەنیا ئەوە بخوازێ کە هەمو دەخوازن. وەك

هاووڵاتیەکیش سەر بۆ ئەو یاسایە دادەنەوێت کە خۆی وەك یاسادانەرێك خواستویەتی. یاسا بەرهەم دەهێنرێ لەلایەن ئیرادەی هەر یەکێکەوە کە بیری لەهەموان کردۆتەوە. کۆمەڵگا مەدەنی رێك کەوتنێکە لەلایەن دەستەیەك لە خەڵکی کە هەریەکە بتوانن ببنە بەشێك لەئیرادەی گشتی. لەئەنجامدا هەریەکە وەك پێش چوونە ناو ئەو رێکەوتنەوە. ئازادن لەبەر ئەوە تەنها مل کەچ ەکا بۆ ئیرادەی خۆی کە ئێستا بەرزکراوەتەوە بۆ ئاستی گشتی.

قسەکردنی رۆسۆ لە سەر ئیرادەی گشتی پەیوەندی بە کێشەیەکی تریشەوە هەیە ئەویش کێشەی ئازادی. رۆسۆ لەو باوەڕەدایە کە مرۆڤ بەسروشت ئازادەو ئازادیش بەهایەك شایان پێوانە نیە. ئەرکی رۆسۆ لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا ئەمەیە کە نیشانمان بدا کە لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتو کۆمەڵگای مەدەنیدا، لەجیاتی لەدەست دانی ئازادی، مرۆڤ بە ئازادیەکی بالاتر دەگا. لەڕێگای پەیمانی کۆمەڵایەتیەوە ئازادی سروشتی ئاڵو گۆڕشی پێدەکرێ لەگەڵ ئازادی مەدەنیدا. ئازادی مرۆڤ جەوهەری بۆ بەختیاری خۆیو تەندروست بوونی کۆمەڵگا. کەواتە رەتکردنەوەی ئازاد یەکسانە بەرەتکردنەوەی مرۆڤ بوون، ئەو هێزەی ئازادیمان لیٚ زەوت دەکا دەیەوێت بوونی مرۆڤ نەمان پەیامالٚ بکا. ئازادی مەرجێکی بنەڕەتیو پێویستە بۆ بەختیاریو ئەخلاقو ژیانمان. رۆسۆ پێی وایە کە ئازادی مرۆڤ تاکە سەرچاوەی ئەخلاقە.

بەپێی تیوریەکەی رۆسۆ گەر مرۆڤێ هەر بەردەوام بێت لەوەی کە بەپێی ئیرادەی تایبەتی خۆیو خواستی تاکەکەسیانەو بەرژەوەندی تاکەکەسیانەی خۆی بجولێتەوە، ئەوە دەشێ پێی بگووترێ کە لە پلەو پایەی خۆی هیٚد کەمکردۆتەوە تا پلەی ئاژەڵ. لەحاڵەتێکی لەو جۆرەدا ئەو مرۆڤە دەست بەرداری ئازادی بوە بەو مانایەی تەنیا بۆتە ئامێری بەدەست سۆزەکانیەوە، ئا لێرەدایە کە بۆچوونە ترسناکەکەی رۆسۆ قوت دەبێتەوە، مەبەستم لەو بۆچوونەیەتی کە دەڵێ، لە سیناریۆیەی سەرەو واتە کاتێك مرۆڤ دەستەبەرداری ئازادی بوو وە تەنیا لەخومەتی سۆزدا کاریکرد، ئەوا کۆمەڵگا هەقیەتی کە زۆر لەو تاکە بکا تا ئازادبێ، واتە بەزۆر بیکاتەوە بە کەسێکی ئازادو بەزۆر رازی بکا بە شێوەیەکی گونجاو مەشق بەئیرادەی بکا. سیستەمی پەروەردەو سزاش ئەو دوو ئامێرەن کەلە رێگەوەی تاکەکەس دەهێنرێتەوە سەر رێگا، بەناچاری ئەو بۆچوونە سیستەمی تۆتالیتاری کۆمۆنیزمو فاشیزممان دەهێنێتەوە یاد لە سەدەی بیستەدا، هەر بۆیەشە هەندێك لەو باوەڕەدان کە رۆسۆ باوکی فەلسەفە تۆتالیتاریزمە.

رۆسۆ لەو باوەڕەدایە کە بوونی حکومەت پێویستیەکی نکوڵی لێنەکراوەو مافی حوکم کردنیشی لەخەڵەوە وەرگرتوەو سەرچوەی هەموو رەوایەتیەك خەڵکە، هەر ئەمەشە مەبەستی رۆسۆ لە Soverign دەستەلاتدارێتی یەکێتیەکە کە ناشێ دابەش بکرێ، گەردابەش کرا لە دەستەلاتدارێتی دەکەوێو هەموو ئۆتۆرەتیەك لەئەمەوە سەرچاوە دەگرن.

میری فەرمانەکان لەئیرادەی گشتیەوە وەردەگرێو ئۆتۆرەکی خۆی دەخاتەگەرش تا هاووولاتیان لەسەر بناغەی Soverign دەسەلاتدارێتیوە هەڵسو کەوت بکەن. کەواتە لە فەلسەفەی سیاسی رۆسۆدا، بوونی Siverign لە پێش بوونی حکومەتەوە دێت ئەمەش واتە حکومەت دیاردەی دوو هەمە لەدیدی جافەکانەوە. لێرەوە انتماء و ولاء بۆخەڵکە نەك حکومەت، حکومەتیش دەبێت هێندە بەهێز بێت کە زاڵ بێت بەسەر ئیرادەی تاکەکاندا بەلام نەك

هێندە بەهێز بێت کە زاڵ بێت بەسەر ئیرادەی گشتیدا. بۆ ئەوەی خەڵك پەیڕەوی لەئیرادەی گشتی بکەن دەبێت ناچاربکرێن کە ئیرادەی تایبەتیان لەگەڵ ئیرادەی گیشتیدا بگونجێت ئەویش بەو شێوەیە دەکرێ کە کاری بکرێ وولاتەکەیان خۆش بوێ، واتە هەستی وولات پەرستی تێیاندا بەهێزبێت. وولات خۆش ویستنیش واتە تاکەکەس ئیرادەی خۆی بخاتەگەڕ لە خزمەت وولاتەکەیداو خزمەتی وولات بەئەرکی خۆی بزانێ رۆسۆ ئەم پرنسیپە ناودەنێ amour Proprr.

هەورەها سیستەمی پەروەردە دەشێ و دەبێت رۆڵێ ببینێ لەوەی کە تاکەکەس ناچار بکا وولاتەکەی خۆش بوێ. لەکتێبەکەیدا ئەمیلی[16] رۆسۆ جەغد لەسەر ئەوە دەکا کە نیازی وەزیفەی سیستەمی پەروەردەی خەتەرایەتی ئەوەیە کە شێوەیەکی نەتەوەیی بە تعەقڵو ویژدانەکان ببەخشێ، بیروراو باوەڕی تاکەکان بەو ئاراستەیەدا رێنومایی بکا تا ببنە نیشتمان پەروەر بە غەریزە، بەسۆزەوەو دواجار ببنە نیشتمان پەروەر بەپێویست. بەم پێیە لە قوتابخانە قوتابیان دەبێت ناچاربکرێن ئەو یاریانە بکەن کە رەنگە هەستی نیشتمان پەروەریان تێدا زیندوو رابگرێ، هەروەها دەبێت ترادیسیۆنی وولاتەکەیان لە ئەلفەوە بۆ بێ پێ فێر بکرێ. ئەوەی ئەم ئەجێندانەتەوە پەروەرییە تەواو دەکا بوونی میلیشیاتی هاونیشتمانیانە (شتێك وەك سوپای میللی عێراق یا سوپای بەسیجی ئێران). لەهەموو حاڵەتەکاندل مەبەستەکە ئەوەیە کە هاونیشتمانیان هەمیشە وولاتیان لا هەمیشە بەهێز رابگرێ، تاکە سۆزێ کە دەبێتە مایەی پێکەوە گرێدانی هاونیشتمانیان پێکەوە. پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەم بۆچوونەی رۆسۆ لەمەڕ دروست کردنی ترادسیۆنەوە بۆچوونێکی ئەبستراکت یا ئایدیاڵ نیەو بگرە لە واقیعدا ئەو بۆچوونە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەدا لەزۆربەی وولاتە خۆرئاواییەکانداو تەرجومەی واقیع کرا، هەردوو سەدەی هەژدەو نۆزدە دوو سەدە بوون کە تێیدا ترادسیۆنی میللی داهێنراو داهێنانی ترادیسیۆنیش یەکێك بوو و یەکێکە لە ئەرکانەی کە هەربزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی پێی هەستاوە یا دەڵێت پێی هەستێ.

یەکێك لەو فەیلەسوفانەی بە ئاشکرایی و بەپێی دوان پێدانانی خۆی لەژێر کاریگەری رۆسۆدا بوو ئەمانویل کانت بوو. من لەو باوەڕەدادام کە فەلسەفەی ئەخلاقی و سیاسی کانت بریتییە لە تەواوکردنی بۆچوونەکانی رۆسۆ. بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەم بۆچوونەم بکەم چەند سەرنجێکی خێرا لەسەر فەلسەفەی ئەخلاقی و سیاسی کانت دەردەبڕم. کانت پێی وابوو کە گەر هەردەستەڵاتێکی ئەم دنیای وا مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا بکا وەك "بابەتێکی سوك بێ و بی بەها" و بەکاری بهێنێ تەنیا وەك هۆکارێك بۆ ئامانجەکانی خۆی یاخود شەڕەکانی خۆی پێ بکاو بەکاری بهێنێ بۆ کوشتاری هاوبوونەوەرەکانی خۆی، ئەوا ئەوە ئەم دەستەڵاتە دنیاییە دەیکا بریتییە لە "ئاوەژووکردنی دوامەبەستی خەڵق بوون"[17] بەپێی بۆچوونی کانت ئەخلاق و سیاسەت دەبێت پەیوەندیان هەبێت پێکەوە لەبەر ئەوە "سیاسەتی راستەقینە ناتوانێ هەنگاوێ بنێ بێ ئەوەی پرنسیپە ئەخلاقییەکان بەسەر بکاتەوە"[18] ئەخلاق دەبیچت بەسیاسەت شێوە ببەخشێ لەرێگای جەغدکردنەسەر ئاشتی سەرمەدی و مافەکانی مرۆڤەوە بێ ئەوەی ئەخلاق خۆی ببێتە پاڵنەری سیاسەتز کانت جیاوازی دەخاتە نێوان پاڵنەری ئەخلاقی (کارکردن لەتێڕوانینی رێزدانانەوە بۆ یاسای ئەخلاقی) و پاڵنەری سیاسی، بەم جۆرە سیاسەت پێویستە

رەنگدانەوەی ئەخلاق بێت بەڵام ناتوانێ تەنیا پشت بە پاڵنەری ئەخلاقی ببەستێ. سیستەمی یاسایی دەبێت بوونەوەرێکی یاسادانەر، یاسادانەر بۆ خودی خۆی، و لەراستیدا توانای یاسادانەری بۆ- خود هەلو مەرجی سەرەکیە بۆ ئەخلاق. گەر ئیرادەمان ئازاد نەبێت ئەوا ئایدیا ئەخلاقیەکانو پرنسیپەکان هەموو رەوایەتیەك لەدەست دەدەن". ئەم ئیرادەیە، یاخود ئەو ئیرادەی یاسادانانە بۆ خود لەهەموو مرۆڤێکدا خۆی بەیان دەکا، مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی ئازادی خاوەن ئەندێشە.

4-ناسیونالیزمی کلتوری

ئێستا دەتوانین سەرنجمان بگوازینەوە بۆ ژیانی رۆحیانەی نەتەوەو قسە لەسەر ناسیونالیزمی کلتوری بکەین. بیریارێکیش کە فیکری دەچێتە ئەم خانەیەو هێردەرە فەیلەسوفی ئەڵمانی. دەتوانم بڵێم کە هێردەر یەکەم فەیلەسوفی ناسیونالیستی بو Par etcellence، ئەو کۆمەڵێ زاراوەو چەمکی بۆ قاموسی ناسیونالیزم زیاد کرد وەك زمانی نەتەوە/ مێژووی نەتەوە، ترادسیۆنی نەتەوە، کاراکتەرو رۆحی نەتەوە. هێردەر پێی وایە کە کۆمەڵێ تایبەتمەندیو خاسیەت لەهەر گروپێکی ناسیونالیستیدا هەیە وەك زمان/ترادسیۆن، رۆژی ئەو گروپە، مێژوو، وزمان. زمان رۆڵێکی نائاساییو بگرە بنەڕەتی دەبینێت چونکی زمان ئەو رێگایەیە کە لێوەی ترادسۆن دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، هەورەها زمان ئامێرێکی رۆحی نەتەوەیە.

ژینەیەك دروست بکا بۆ ئیرادەی چاك" و هەلو مەرجی یاسایی دروست بکا بۆ مەشق کردنی "ئیرادەی چاك" تاکو تاکەکەس ئازاد بێت ئازادبوونێکی پۆزەتیف. کەواتە سیاسەت دەبێت ئازادی کە جەوهەری یاسای ئەخلاقیە بە دروشمی یەکەمی خۆی بزانێ. فەلسەفەی ئەخلاقی کانت پشت بە رۆسۆیزم دەبەستێت کە تێیدا تاکەکەس یاسا بۆخۆی دادەنێ. یاسا بۆخۆی دادەڕێژێ وەك ئەندامێکی یاسادانەری مەملەکەتی ئامانجەکان، گەر ئەم بانگەشەیە قبوڵ بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین کانت هاوڕایە لەگەڵ رۆسۆدا کە مل کەچ کردن بۆ ئەو یاسایەی کە کەس خۆی دایڕشتوە تاکە ئازادیەیەکە کە شیاوی قسە لەسەرکردن بێت.

کانت فەلسەفەی ئەخلاقیو سیاسی خۆی بەوە دەست پێدەکا کە جەغد بکاتە سەر چەمکی "ئیرادەی چاك" کە خۆی بریتییە لەینازی ئازادی مرۆڤو ئەرکی مرۆڤ. بەڕاستی کانت ئیرادەی چاك چاك نیە تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەنجامەکەی چاکە یاخود هەر هۆکارێکی دی، بەڵکو چاکە لەبەر خواستنی، واتە چاکە خۆی لەخۆیدا. عەقڵ وەك بەشێکی پراکتیك وەزیفەیەکی هەیە ئەویش بەرهەمهێنانی ئیرادەیەك کە خۆی لەخۆیدا چاکە. ئەم ئیرادەیەش دەبێت بالاترین چاکە بێتو هەلو مەرجەی هەر کردارێکی دیو بگرە "هەلو مەرجی ئارەزووی بەختیاری". بۆ ئەوەی کەسێك بەهایەکی هەبێت وەك بوونەوەرێك دەبێت خاوەنی نواندنی هەڵسو کەوت بێت بەپێی یاسای ئەخلاقی، ئەم توانایەش پەیوەندی هەیە بە ئۆتۆنۆمی کەسەوە وەك لای هێردەر زمان تەنیا ئاشکراترین تەعبیرکردن لەرۆحی نەتەوە نییە، بەڵکو رۆحی نەتەوە تەنیا لەرێگای زمانەوە دەتوانێ خۆی ئاشکرا بکا خۆی نیشان بداو بدرەوشێتەوە. زمان شارێگەیە بەرەو شوناسی نەتەوە Volk (خەڵك)و زمان ناشێ بێیەکترو سەربەخۆ لەیەکتر وێنا بکرێن.

لەسەر ئەم بۆچوونەوە دەتوانین بڵێین کە دەشێ کۆمەڵێ رەهەند، کۆمەڵێ بابەت لەژیانی Volk خەڵکیدا لەبەین بچن، لەوانە بگرە دەستەڵاتی سیاسی نەتەوەش، بەڵام گەر زمانی

نەتەوە پارێزرا ئەوا جەوهەری نەتەوە پارێزراوەو نەتەوە درێژە بەژیانی دەدا. بەڵام دوای لەدەست دانی زمان ئەستەمە بتوانین لەنەتەوە بدوێین. زمان دەروونی نەتەوەیەو کلتوریش تەعبیرکردنە لەرۆحی نەتەوە، نەتەوەش لەدیدی هێردەرەوە یەکێتیەك پێك دەهێنێ، بەواتایەکی دی یەکێتی کاتوری نەتەوەیەك لەسەر ناغەی مێژوو و زمان‌و ئەدەب‌و ئایین‌و هونەر خەڵکێك دروست دەکا کە وەك یەکەیەك خۆی دەنوێنێ، جەستەیەك کەرۆحی خۆی هەیەو فاکۆڵتی‌و هێزەکانی خۆی. نەتەوایەتی لای هێردەر بریتی‌یە لە "خەڵکێك کە کلتوری نەتەوەی هەیە، هەر وەك چۆن زمانی خۆی هەیە"[19] لێرەوە هێردەر وا ناسیونالیزم دەبینێ وەك ئەوەی کە بریتی‌یە لە چڕبوونەوەیەکی رۆحانی، ریشە داکوتینێك لە کلتورێکی تایبەتیدا. زاراوەی ناسیونالیزم بەمانا هێردەریەکەی تەنیا یەك مانای هەیە ئەویش خۆگرێدانی خۆ بەیستنەوە بە کلتوری نەتەوەی خۆوە، گرێدانێك کە دەبێت بپترێزرێت لەبەرانبەر کۆ سمۆپۆڵیتانیزم (کەڵکەڵەی جیهانگەرایی)، و توانەوەی کلتوری.

گرنگەی کە سەرنجی ئەوە بدەین کە هێردەر پێی وا نیە نەتەوەکان بەرهەمی مرۆڤەکان بن، وەك ئەوەی لای ڤیکۆو رۆسۆ دیمان، بەڵکو نەتەوەکان کاری هێزێکی ئۆرگانێکی زیندوو کە ژیان بەگەردوون دەبەخشێ، هەناسە بە بەری گەردووندا دەکا. کەواتە نەتەوە بریتی‌یە لەژیان‌و سروشتیش بەهەر نەتەوەیە زمانێکی تایبەتی بەخشیوە کە رۆحی نەتەوەیەیە. لەم دیدەوە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی ئۆرگانیی‌یەو وەك "گەشەکردن" لەلایەن هێزێکی ناوەکی یا دەستەڵاتێك Kraft (jnner Force) وە ووزەی بەبەرداکراوە. بەهەمان شێوە دەوڵەتی ئۆرگانێك بریتی‌یە لە جڤاتێك کە لەڕووی رۆحیەوە تواونەتەوە لەیەکتر‌داو سەرقاڵی ئەو چالاکیانەن کە لەسەر پرنسیپی هاریکاری نەك کێشمەکێشمەوە دەنوێندرێن. بۆ ئەوەی کە دەوڵەتێکی ئۆرگانێکی State- Volk (خەڵك–دەوڵەت) دابمەزرێنردێ ئەوەی کە پێویستە ئەوەیە لەیەکەوە بوونی هەستی لێپرسراوی کۆمەڵایەتی‌ز هاریکاری نەتەوەیی لەلایەن تاکەکەسەکانی نەتەوەوە، و لەلایەکی دیکەوە بوونی هەستی ئەخلاقی جیهانگەرا لەلایەن نەتەوەوە. بەڕای هێردەر ناسیونالیزم جیهانگەرایی دوو شەپۆل نین کە بەدوو ئاراستەی جیاوازی دژ بەیەکدا لە جولاندا بن، بەڵکو هەردووکیان پرۆسەیەك پێك دەهێنن سەرچاوەی عاتفی ئەم باوەڕە لای هێردەر لەیەك بیرۆکەدا خۆی دەبینێتەوە ئەویش بیرۆکەی مرۆڤایەتی Humanitatیە. هێردەر ئەم چەمکەی چەمکی مرۆڤایەتی، لەدوا دوو دەیەی ژیانی فەلسەفی خۆیدا گەڵاڵەکردو کاتێ کە بەدوای پرنسیپێکدا دەگەڕا کە لە ڕێگەوەی بتوانێ تێگەیشتنی رۆحانیانەی خۆی لەمەڕ ژیانی مرۆڤەوە دابڕێژێت، بە جۆرێ کە هەمەچەشنەیی‌و فرە رەهەندیەکانی ژیان لەو پرنسیپەدا تەعبیریان لێ بکرێ‌و ئەو چەمکە هەمەچەشنەیی‌یە بێ سنوورەکان‌و جیاوازی لەخۆبگرێ. چەمکی مرۆڤایەتی کە ریشەکانی لەمێژوودا داکوتیوە. بریتی‌یە لە "ئامێزگرتنی مرۆڤایەتی بەهەموو مانڤێستەکانیەوە"[20]. لەئامێزگرتنی ژیان بەهەموو رەهەندەکانیەوە لێرەوە گرنگی فیکری هێردەر دەردەکەوێ لەمێژووی ئایدیاکاندا، هێردەر یەکەم فەیلەسوفەکە لەجیاوازی‌و هەمەچەشنەیی دەدوێ، بۆچوونەکانیش دواجار لە باڵە فەلسەفیەدا رەنگ دەداتەوە کە بە فەلسەفەی ژیان دەناسرێ (رۆمانتیکەکان‌و نیچەو دیلتای‌و هایدگەرو برگسۆن‌و گادامێر..).

بەڵام ئەوەش بڵێین کە مرۆڤایەتی وەك باڵاترین ئایدیاڵی کۆمەڵایەتی، زیاد لەچەمکێ بوو

لای هێردەر. هێردەر وا سەیری مرۆڤایەتی دەکرد کـە بریتـیـیـە لــە "Summum bonum" چاکەیەکی بەشکۆی ئەم جیهانەیە".

هــەروەها مرۆڤایــەتی ئــەو هێزەیــە کــە مرۆڤایـەتی بەخـەڵکانی دنیا دەبەخشـێو بـانگی هــەموو نەتــەوەکانو تاکەکەســەکان دەکـا بــۆ چارەنووســی مرۆڤانــەیان، بــۆ جیبــەجێکردنی بوونــە مــرۆڤ بوونیــان. ئــەوەشمان لــەیادبێت مرۆڤایەتی بـوون بـەهێزە نـەك بـوون بـەکردەوە، واتە شیماتە (ئیحتمال)ی ئەوەش هەیە کە ئەمڕۆ بیرۆکەیە، ئەم چاکەیە لەبوون بەهێزەوە هـەرگیز نەبێتــە بــوون بــە کــردەوە، هــەر ئەمەشــە سەرچاوەی کارەساتەکان.

من وای دەبینم کە چەمکی مرۆڤایـەتی بـەمانا هێردەرییەکەی توخمێکی ئایینی لـەخۆدەگرێ کە غــەم خواردنــە بــۆ هــەلو مــەرجی مرۆڤــەکان لەکۆمـەڵگادا، و ســۆزێکی ئایینیـیـە کــە غــەمی پۆتاسیۆن، شیماتەکانی ئازادی مرۆڤانـە دەخـوا، و هەروەها مانای ئەخلاقی وانەکانی ئـایین بـەمانا فراوانەکــەی لــەخۆدەگرێ. مرۆڤایــەتی وەکــو بیرۆکەیــەك ڕێنومــایی مرۆڤــەکان دەکـا بــەرەو ئازادییـەکی پۆزەتیـڤ، یـاخود بـەزمانی ئینرایـا بـەریلین قسـە بکــەین، ڕێنماییــان دەکـا بــەرەو ئــازادی بــۆ–، نــەك ئــازادی نێگــەتیڤ کــە ئازادییە لــە–،..، مەبەسـت لـەئازادی پۆزەتیـڤ ئــەنجامدانی کۆمــەڵی کــردەوەی کۆنکرێتییــە بـەنیازی بەخۆگەیشـتنو جیبەجێکردنی خــودی مـرۆڤو گەیشـتن بەکەرامـەتی مرۆڤـەی هـەنگاوێ لەمـە بــەولاوە، بوونــە مــرۆڤو بوونــی مرۆڤــی ڕاستـەقینە واتـە تێگەیشـتنو هوشــیاربوون لــەو ڕۆڵەی کـە کـەس دەبێت ببیینـێ لـەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا.

لـەم دیـدەوە ناسـینەو ددان پێدانـانی ئـازادی مرۆڤـی پێــك نــەهاتوە لــە ناســینەوەی بوونــی ئەڵتەرناتیڤەکان تا دواسنوور، بەڵکو تێگەیشتنو هۆشیار بوون لەو ڕاستیەی کەی سنوورێك هەیـە، حەدێك هەیە، لێرەوە هەنگاوی یەکەم بەرەو ئازاد تێگەیشتنە لەو ڕاستیەی کە تاکەکەس ئــازاد نیـە لەوەی هەری بویێ بیکا، ئـارەزووی هـەموو شـتێ بکا کە دڵی دەخوازێ، بەڵکو مرۆڤ ئازادە تا ئەو شوێنەی کە دەتوانێ لە سنووردار بوون بگاو لــەو سنوورداریەتیەشدا خۆی بگونجێنێو بەخۆی بگا.

ئـەم هۆشـیاریەش بەرانبــەر بەســنووردارَبوونی توانـاو ئەڵتەرناتیڤەکانمان وەزیفـەی زەمینەیـەك دەبینــێ کــە لەســەریەوە دەتوانــین شــێوە بــەژیانمانو بوونمــان ببەخشــین، لەســەریەوە دەتوانـین ڕێـڕەوی کردارەکانمـان دیـاری بکـەین. هەروەها ئازادی واتە هۆشـیاری خـود، هۆشـیاری خودیــش واتــە دیــاریکردنی چارەنووســـی خۆبەدەسـتی خـۆ. (گـەر سـەرنج دەبینـین کـە هێردەر بە تەواوی لەژێر کاریگەری سپێنوزادایە، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە ووتارێکی نووسـەری ئـەم چـەند دێـرە لـەژێر ناونیشـانی "ڕەهـەندی ئـایین فیکری هێردەر".)

وێــڕای ئــەو ســەرنجانەش، مرۆڤایــەتی Humanitat بریتیە لە هێزێکی چالاك، هـێزێك کە لێوانلێوە لەدەستەڵاتی ئـەرێ گووتـنو جـەغد کردنی پۆزەتیڤانە، هێزێکە جەغد لەسـەر هـەموو ڕەهەندەکانی ژیـان دەکـا، هـەموو ڕەهـەندەکانی بوون دەناسێتەوەو لەخۆی دەگرێ، بگـرە لایەنـە تراژیدیاکــەی ژیــانیش، هێشــتا ئــەم پرســیارە لەبەردەمماندا نەڕەوییوەتەوە کە چۆن مرۆڤایەتی پێناســە بکــەین؟ هــەروەك چــۆن چــەمکی هێردەریانــەی Kraft (دەســتەڵات یــا هــێزێکی نـاوەکی) ئاسـان نیـە پێناسـە بکـەین ئاوهــاش چەمکی مرۆڤایەتی بەئاسانی پێناسە ناکرێ. وەك دیمان چەمکی Kraft لەلایەکەوە مانـای هـێزێکی دەروونی– فیزیکی دەگەیەنێت یاخود ووزەیـەکو هــێزێکی نـاوخۆ کــە لــە گــەردووندا کاردەکـا، لەلایــەکی دیکـــەوە Kraft کرافــت چەمکێکــە

لەپرۆسەیەک دەدوێ، پرۆسەیەک لە زنجیرەی کاتداو لەرووباری گۆڕانگاریە هەمیشەییەکان دەدوێ. بەهەمان شێوە/ مرۆڤایەتی بەردەوام دەلالەت لە گەشەکردنی رۆح دەکا، لەهەنگاوونانی رۆح بەرەو ئازادی، هەڵکردن (تۆلەرەیشن، تسامح) ئامانجە گەردوونیەکان، هەمەچەشنەیی، ڕێزدانان بۆ یەکتری لەنێوان نەتەوەکاندا. وێڕای ئەمەش دەتوانین دوو رەهەندی "مرۆڤایەتی" دیاری بکەین، رەهەندی بابەتی Objective، و رەهەندی رێکخستنی کۆمەڵایەتیانەیە، رێکخستنی سیاسیانەو کلتوریانەو حاڵەتە مێژووییەکان کە تاکەکان خۆیان تێیدا دەبیننەوە. ئەم حاڵەتە بابەتیە تاکەکەسەکان پاڵ پێوەدەنێ کە شێوازو رێگای جیاواز هەڵسو کەوت بکەن، وەڵامی کێشەکان بدەنەوە، ئەم وەڵامدانەوەو ئەم چالاکیەو ئەم جیاوازیەش رەهەندە خودێتیەکەی مرۆڤایەتیە، لەم دیدەوە، هێردەر پێی وایە کە غەریزەیەکی خۆڕسک هەیە کە لەلایەکەوە ئەو توانایە بەمرۆڤەکان دەدا کە وێنەیەک لەمەڕ هەلو مەرجە کۆمەڵایەتیە بابەتیەکان دابڕێژن، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو دەستەڵاتە لای مرۆڤەکاندا بەگەڕ دەخا کە چۆن لەرووی خودێتیەوە هەڵسو کەوت بکەن، وەڵامی ئەو هەلو مەرجانە بدەنەوە، هاوڕێی گەمە سەختیەکانی ئەو واقیعە بابەتیەشدا هەمیشە سەرقاڵی نواندنی کرداربن.

هەرچی پەیوەندی بەهەلو مەرج بابەتیەکانەوە هەیە، هێردەر قورسایی دەخاتە سەر سیستەمی یاسایی کۆمەڵگاو داموو دەستگا سیاسیەکان، و هەروەها کردارو هەڵسو کەوتی پیاوە مەزنەکانی کۆمەڵگا وەک فەیلەسوفەکانو هونەرمەندانو زانایان. هێردەر زیاتر گرنگی بەهەڵوێستی خودیانەی تاکەکان دەدا، هەڵوێستیان بەرانبەر بەهۆکاری ژینگەییەکان، لێپرسراو تاکەکان بەرانبەر بە دەوروبەر. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم لێپرسراویەی تاک دەبێت لەکۆی زنجیرەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکاندا کارب کا لە پەیوەندیدا بە دەوڵەتەوە. بەڵام هەرگیز بەو مانایە نا کە هەستی ئەخلاقیو لێپرسراوی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان تەنیا دەبێت لەچوارچێوەی جەستەیەکی سیاسیدا خۆی بنوێنێ، بەپێچەوانەوە جەوهەری مرۆڤایەتی لەوەدا دەردەکەوێ کە چۆن ئەندامێکی کۆمەڵگایەک، نەتەوەیەک بەسەرجەم مرۆڤایەتیەوە گرێ بدرێ. گرنگە ئەوەمان لەیاد بێت کە هێردەر هۆشیارمان دەکاتەوەو پێمان دەڵێ کە دوورەپەرێزی بکەین لەوەی کە سەیری چەمکی "مرۆڤایەتی" بکەین وەک ئەوەی تەماهی identication بکا لەگەڵ فۆرمێکی موتڵەقو ئەبستراکت (رووت)و ئەخلاقێکی نەگۆڕ. مرۆڤایەتی ئایدیایەکی ئەبستراکتو نا مێژوویی نیە، بەڵکو ریشەکانی مرۆڤایەتی لە مێژوودا خۆی داکوتیوەو ئایدیایەکە مێژووێتی لەخۆدەگرێ. لەئەنجامدا هەر جڤاتە، هەر کۆمەڵگایەو هەر سەردەمە مێژووییە بەشێوەیەکی تایبەتی مرۆڤایەتی وەردەگرێو نیشانی دەداتەوە، ماناکانی بەیان دەکا، مامەڵەی لەگەڵدا دەکا. وەکو چەمکێکی گەردوونی، مرۆڤایەتی دەبێتە چەمکێکی بۆش گەر ناوەرۆکێکی مێژوویی تایبەتی لەخۆنەگرێ، هەورەها چەمکی مرۆڤایەتی وەک چەمکێکی گەردوونی نە تەنیا مولکی نەتەوەیەکەو نە تەنیا خۆی لەرەوتی شارستانیەتێکدا نیشان دەدا.

لەرووی سیاسیەوە قسە بکەین، چەمکی مرۆڤایەتی ددان بە بوونی نەتەوە جیاوازەکاندا دەنێ، لێرەوە هێردەر بەتوندی ئەو هەڵە رەتدەکاتەوە کە لەلایەن کۆمەڵێ بیریاری خۆرئاواوە دراوەو دەدرێ بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بە نەتەوەیەک یا کلنوورێکی تایبەتیەوە بلکێندرێ. هیچ نەتەوەیەک یا شارستانیەتێک

ناشێ ئەوەی لێ قبوولّ بکردرێ کە بانگەشەی سەروەری بکا، یا بانگەوازی رەگەزێکی بالاو سەروەر. ئا لێرەدایە کە ئێمە رووبەڕووی توخمێکی زیندووی ئەو چەمکەی هێردەر دەبینەوە ئەویش حەماسی دژە– کۆلۆنیالیزم. رەخنەی هێردەر ئاماژە بۆ ئەو دیو کەلّکەلّەی کۆسمۆپۆلیتانیزمی رۆشنگەری دەکا. بۆجەوهەری ئابووریانەی پەلهاویشتی ئیمپریالیستی، هێردەر دژ بە کۆلۆنیالیزم بوو لەبەر ئەوەی کۆلۆنیالیزم نکولّی کردن لەهەمەچەشنەیی‌و بریتی‌یە لە خاپوورکردنی رێزی نەتەوە بۆخۆی. کۆلۆنیالیزم دەیەها نا بەلّکو سەدەها نەتەوەو ئینتیکی جیاوازی لەڕووی نەك فیزیکیەوە بەلّکو رۆحی‌یەوە هەنجن هەنجن کردو رووبەڕووی دەیەها گرێی دەروونی کردنەوە لەوانە لەدەست دانی رێز بۆ خودی خۆ، هەر نەتەوەیەکیش ئەو رێزەی لەدەست دا بۆخۆی ئیدی بە هەموو ئاوازێك سەما دەکا خەباتی دژ بە کۆلۆنیالیزم لە جەوهەردا نەك بەتەنیا گەڕانەوەی توانایا رێزگرتنی نەتەوەیە بۆخۆی بەلّکو رێگەگرتنیشە لەهەر نەتەوەیەك ببێتە سولّتان بەسەر نەتەوەکانی ترەوە لەو دیدەوە کە گوایا "بالادەستەیەکی خۆڕسکی" هەیە. گەر بڕیارە مرۆڤایەتی ببێتە هێزێکی زیندوو ئەوە دەبێت نەتەوەکان بە راستیە بگەن کە گەردەیانەوێ لەڕووی رۆحی‌یەوە، بەکەمالّ بگەن ئەوا تەنیا لەچواچێوەی هەریکاریدا لەگەلّ یەکتر دەتوانن بە مەبەستە بگەن، بەپێچەوانەوەی ئەم حالّەتەوە بەربەریزم وەك شیماتەیەك هەمیشە ئامادەیی هەیە لەوێ.

5–<u>رۆمانتیکی سیاسی</u>

رۆمانتسیزم دیاردەیەکی ئالّۆز بوو کە ژیانی کلتووری‌و سیاسی هەموو ئەورووپای گرتەوە لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە[21]. لەگەلّ ئەوەشدا کە رۆمانتسیزم لەبەرگی بزووتنەوەیەکی ئەدەبیدا هاتەدەرەوە بەلّام ئایدیاو رۆچوونەکانیان لەمەڕ تیوری سیاسی‌یەوە گرنگی خۆیان هەیەو کاریگەری خۆیان لەسەر بزوووتنەوەی فیکری‌و فەلسەفیەکانی دوای خۆیان بەجێهێشت.

سەرەتا لەسەر ئەو رایە قسە بکەین کە پێی وایە رۆمانتیکە سیاسی‌یەکان پەیڕەوانی هێردەرن. جەوهەری رۆمانتسیزم بریتی‌یە لە رۆحێکی قەلەقو جی بەحۆ نەگرتوو و سەرکەش. هەروەها رۆمانتسیزم دژە بابەتی Ontithesis عەقلانیەتو رۆشنگەری بوو. ناشێ نکولّی لەوە بکەین کە هەندێ لەبیرۆکەکانی رۆمانتیکە سیاسیەکان لەژێر کاریگەری فیکری هێردەردا بوون لەوانە رێزێکی قوولّ بۆ رابووردوو، بەرۆمانسی کردنی سەدەکانی ناوەڕاست، سەیرکردنی مێژوو وەك هێزێ:ی دینامیكو خاوەن دەستەلّات، بیرۆکەی تایبەتمەندێتی "چالاکی داهێنەرانە" وەك دوا مەبەستو ئامانجی بوونی مرۆڤانە، گشتی بوونی ئۆرگانی کلتوری سیاسی، کەمکردنەوە لە رۆلّی یاسا سروشتیەکان، جەغدکردنە سەر زمان وەك سەرچاوەیەکی بێوێنەی هۆشیاری "کۆ" بیبیانەی نەتەوە، چە هێردەر چ رۆمانتیکەکان بەشێوەیەك لەشێوەکان هاوڕان لەم بیرۆکانەدا. بەلّام ئەوەمان لەیادبێت ناوەڕۆکی سیاسیەوە لەو دیدەدا لەبەرچاو نەگرین. بۆ نمونە، رۆمانتیکەکان لەیەکێ لەقۆناغەکانی گەشەکردن فیکریاندا، لەدواجار باس لە دوو قۆناغی فیکری رۆمانتیکەکان دەکەین، لەو باوەڕەدا بوون کە ئایدیالّترین جڤات ئەەو جڤاتەیە کە لەسەر بناغەی هایەراکی Heierachy هەرەمیتەوە دامەزراوە، ئەمەش هەلّگەڕانەوەی چەمکی فرەیی Pluralism یە بۆ شتێکی تەواو جیاواز.، دژ بەو بانگەوازەی هێردەر بۆ فرەیی‌و هەمەچەشنەیی کە تێیدا تاکەکان ئەو مافەیان هەیە سەر

بەگروپی جیاواز بێ، ڕۆمانتیکەکان، بەپێی کەمەوە لەقۆناغێکی فیکریاندا، بانگەوازیان بۆ بیرۆکەو چەمکی بوون Fimness دەکرد لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، و سەرشۆڕکردنی تاک سەرشۆڕکردنێکی تەواو بۆ ئیرادەی گروپ.

لەسەروو هەموو شتێکەوە ڕۆمانتیکیەکان وێناکردنی سەدەکانی ناوەڕاست لەمەڕ ئۆرگانیزمی کۆمەڵایەتی یان لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی ئۆرگانیزم ئاوێتە کرد، بەم شێوەیەش مانای هێردەری چەمکی "ئۆرگانیزم" یان تەواو گۆڕی ، بەلانی کەمەوە لە قۆناغێکی گەشەکردنی بزووتنەوەکەیاندا.

لای ئەوان ئۆرگانیزم هەڕەمیەتی ئاناتۆمی لەئامێز دەگرێ. ئەم لادانەش لەمۆدێلی جڤاتی هێردەرانە خۆی لەدیدی ڕۆمانتیکیەکاندا بینیوە وە لە بۆچوونە ئەنسرۆپۆمۆرفیك (دان پالی خاسیەتی مرۆڤ)ی ئۆرگانیزم. بۆ نمونە نۆڤالیس پێی وابوو کە دەوڵەت بریتییە لە ماکرۆ- ئەنسرۆپۆس واتە ماکرۆ- ئینسان، ئەو ئەناتۆمیەیە کە پێك هاتووە لە ڕێکسختنی کۆمەڵایەتیانەی جیاواز[22]. بەپێی ئەم تێگەیشتنە جەستەی سیاسی، بونیادی کۆمەڵایەتی ئایدیایەکی پێویستە کە پێش وەخت وێناکراوەو لێرەوە مل کەچ کردنو پەیڕەویکردن بەرئەنجامی سروشتین. لەم دیدەوە مل کەچ کردن بۆ ئۆتۆرەتی (دەستەلات)، لەقۆناغی کۆتایی فیکری ڕۆمانتیکیەکاندا، لێدان لەکەرامەتی مرۆڤ نیە بەڵکو بەپێچەوانەوە ئازادی واتە خۆبەدەستەوەدانێکی ئیختیاریو ئەوان شکۆیان دەبینی لەوەدا کە تاك مل کەچی وڵاتو خاکی باووباپیران بێت. وەك دەزانین موللەر Muller و گینز Gentz بانگەوازیان بۆ گەڕانەوە بۆ فیودالیزم دەکرد لەبەر ئەوەی لەفیودالیزمدا تەبابیەکی جوانیان لەنێوان میریو سەرشۆڕکردندا دەبینیەوەو لە سیستەمی فیودالیزمدا ئەو پاسەوانەیان دەبینیەوە کە ئیشکی ئەو حاڵەتە دەگرێ کە نەهێڵێ حوکمی کۆمەڵانی خەڵكو ئینتلیجنسیا بێتە واقیع. هەرچی پەیوەندی بەدەوڵەتەوە هەبێت، قۆناغێکی گەشەکردنی فیکری ڕۆمانتیکدا، ڕۆمانتیکیەکان وا لەدەوڵەتیان دەڕوانی وەك گشتێکی ئۆرگانی کە بوونی مەسەلەی مانو نەمان بۆ مرۆڤ. لەم دیدەوە دەوڵەت دوامەبەستو دوائامانجە. بەپێی ئەم دنیا بینیە لە چەمکی دەوڵەتدا لەدیدی ڕۆمانیتکیەکانەوە تەنیا ئەرێ گووتن بۆ دەوڵەتو جەغدکردنە سەر دەوڵەت نابینینەوە بەڵکو تەمجیدکردنی دەوڵەتو بەرزکردنەوەی دەوڵەت بۆ ئاستێکی باڵاو سەیرکردنی وەك هێزێکی خاوەن شکۆو شکۆبەخش. بۆ نمونە Muller واسەیری دەوڵەتی دەکرد وەك "مەملەکەتی سەرمەدیانەی ئایدیاکان"، کەواتە دەوڵەت لەدیدی ڕۆمانتیکیەکانەوە شتێکە زیاتر لەدامو دەستگایەك کە لە خزمەتی مرۆڤو مەبەستە کۆمەڵایەتیەکاندا بێت، بەواتایەکی دی ئارەزوویان دەکرد وەك کیانێکی میتافیزیقی سەیری دەوڵەت بکەنو لەڕێگای زاراوە میتافیزیقیەکانەوە بەشانو باهویدا هەڵبدەن. لە ئەنجامدا سروشتی دەوڵەت، لەم دیدەوە، سروشتێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی نیەو بەڵکو سروشتێکی میتافیزیقییە کە لە خزمەتی ئامانجێکی متالی Transcem dentalدایە لەسەر زەوی. ڕۆمانتیکیەکان هەوڵیان دەدا دەوڵەت وەك بوونێکی تایبەتو وەك ئایدیایەك بناسێنن ئایدیاش لەدیدی ئەوانەوە واتە هێزێکی دینامیکی، بابەتێك کە ژیانی تایبەتی خۆی دەژی. بەپێی ئەم تویڵە تەنیا ڕێگایەك بۆ بەدەست هێنانی زانینێکی دروست لەمەڕ دەوڵەتەوە بریتییە لە مەعریفەیەکی حەدسی.

لەبوارێکی تریشدا هێردەر کاریگەری لەسەر ڕۆمانتیکیەکان جێهێشت ئەویش بواری مێژوونووسی بوو، بەتایبەت لەسەر شلیگڵ کە مێژووی بەرز کردەوە بۆ ئاستی زانستو پێی وابوو کە مێژوو دوا سەرچاوەی زانستە، و هەروەها قوتابخانەی "یاسای مێژوویی" ساڤیگین بەتەواوی لەژێر کاریگەری هێردەردابوو.

دەتوانین بڵێین ڕووداوێکی بنەڕەتی کە لەسەدەی هەژدەهەمدا رویداو کاریگەری هەبوو لەسەر سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕۆمانتسیزم، بریتی بوو لەهەرەس هێنانی بۆچوونی تەقلیدی بەرانبەر بەخودا کە بووە مایەی دروست کردنی بۆشاییەكو نامۆبوونێك، ئنجا قووت بوونەوەی ئەو پرسیارەی کە چ شتێ دەتوانێ شوێنی خودا بگرێتەوە وەك پرنسیپێکی میتافیزیقی. دو و مونافسی ئۆنتۆلۆژی ئیدعای ئەو جێو شوێنەیان کرد، یەکەم مرۆڤایەتی یا "خودایەکی شۆڕشگێڕ" کە بەشێوەی جۆراوجۆر وێناکراو لەبەرگی "مرۆڤ پەورەری"و "خەڵك"، "کۆمەڵانی خەڵك"و ئیرادەی گشتیو گشت Public "مەدەنی، گشتی"و کۆمەڵگادا نیشاندرا، دووهەم؛ "خودایەکی موحافەزەکار (کۆنسەرڤەنیڤ) کە لە کاستووره تایبەتیە مێژووییەکاندا وێناکرا، لەترادسیۆنە گەورەکاندا، ڕۆمانتیکیەکان هەوڵیاندا کە ئەو دوو مودەعیە ئۆنتۆلۆژیە لەفەنتازیادا بەم شێوەیە وێنابکەن، یاخودا شوێنی گیرایەو لەلایەن تاکەکەسی رزگاربوەوەو لێرەدا ئیگۆی ڕۆمانتیك بوە ئەتۆرەتی میتافیزیقی، یاخود خەڵكو دەوڵەت شوێنی خودایان گرتەوە.

دەتوانین دوو قۆناغی لەبزووتنەوەی ڕۆمانتسیزمدا دیاری بکەین، ڕۆمانتیکی سەرەتاو ڕۆمانتیکی دوایی، ئەمەش کە ئەو جیاکردنەوەیە دروست دەکا گۆڕانە بەسەر بۆچوونی ڕۆمانتیکیەکاندا لەمەڕ جڤاتو دەوڵەتی باوکایەتیو تاکەکەسو ئاییندا. لەسەرەتادا ڕۆمانتیکیەکان لەهەوڵی ئەوەدایە بوون کە چەقێ لەنێوان لیبرالیزم کۆنسەرڤەتیزمدا بدۆزنەوە، ئەوان دەیانویست خۆیان لەرەهەندێکی لیبرالیزم بپارێزن کە رەهەندێکی ماڵکاولکەرە ئەویش تەنیا جەغدکردنە سەر ئازادی تاکەکەسو بەم شێوەیەش جومگەکانی کۆمەڵایەتیو جڤات لەدوا قۆناغدا هەڵدەوەشێن، یاخود ئەوان دەیانویست خۆیان لەرەهەندێکی کۆنسەرڤەتیزم بپارێزن کە بریتییە لە جەغدکردن سەر جڤات لەسەر حیسابی ئازادی تاکەکەسو لەو باوەڕەدا بوون کە جڤاتی راستەقینە ئەوکاتە هەقانیەتی هەیە کە ئازادی بەرکەماڵ بکا ئەمەش لەشێوەی کۆماریدا مەیسەر دەبێت، شێوەیەك کە خەڵکی دەتوانن ببنە پارچەیەك لە ئۆرگانیزم کۆمەڵایەتیو مافی ئەوەیان هەیە کە بەشداری بکەن لەدەستەڵاتدا.

بەهۆی شۆڕشی فەرەنسیو پەرەسەندنی سەرمایەدارییەوە ڕۆمانتیکیەکان ترسیان لەهەڵوەساندنەوەی کۆمەڵایەتیو شپرزەیی کۆمەڵایەتی پەیداکردو لێرەوە خەونیان بە شێوازی حوکم کردنی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەبینیو تا زیاتر ئومێدیان کز بوایە بە ئازادی عەفویانە خەڵکی زیاتر باوەشین بۆ دەوڵەت دەگرتەوەو هەر ئەمەشە خاڵی جیاکردنەوەی ڕۆمانتیکی سەرەتاییو دوایی، بۆ نمونە شکلیگڵو شلیرماخەر لەدوایی ژیانیاندا زیاتر مەیلیان بەلای کۆنسەژیەتیزمدا پەیداکردو، شلیگڵ گەڕایەوە بۆ کلێسای ڕۆمان کاثولیك.

سەرەتا ڕۆمانتیکیەکان جەغدیان لەسەر رۆڵی هونەر دەکردو بەتایبەت ئەو رۆڵەی کو هونەر لەکایە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا دەیگێڕێ. ئەوان نۆڤالیسو شێلین، لەو باوەڕەدا بوون کە باشترین دەوڵەت بریتییە لە "دەوڵەتی شیعری" کە تێیدا میر هونەرمەندەو ڕێنومایی شانۆیەکی

گەورە دەكا كە هەر هاوولاتیە بۆخۆی ئەكتەریچكە. ئەم سەیركردنە سیاسیانەی هونەرو ئەم سەیكردنە هورنەیانەی سیاسەت پەرچەكرداریْ بوو دژ بە شۆڕشی فەرەنسی. رۆمانتیكیەكان لەدوای 1798 وە بە توندی كەوتنە رەخنەگرتن لە شۆڕشی فەرەنسیو ئەنجامەكانی كە لە خووپەرستیو شتو مەك پەرستیو مەنفەعەت خوازی Ctilitarianismی كۆمەڵگای مەدەنیدا بینیانەوە. ئەوان وەك هۆكارێكی پەروەردە لە هونەر دەیانڕوانیو لێرەشەوە وەك كلیلیْ بۆ ریفۆرم. بۆ نمونە شیللەر لە كتێبەكەیدا "چەند نامەیەك دەربارەی پەروەردەكردنی ئیستاتیكایانەی مرۆڤ" (1790). پیْی وایە كە پەروەردە Bildnng هەلو مەرجی سەرەتایە بۆ گۆڕانی كۆمەلایەتیو سیاسیو هونەریش ئۆرگانێكە لە پەروەردە. تەنیا هونەرەكە دەتوانیْ خەڵكی لەدەوری یەكتر گردبكاتەوەو هانیان بدا بۆ كردار. ئەوان پێیان وابوو كە عەقڵ بەتەنیا ناتوانیْ خەڵك هان بدا بۆ نواندنی كار. لەم دیدەوە بەڕای من دیدی ئیستاتیكایانەی رۆمانتسیزم ستراتیژیەتێك بوو بۆ ریفۆرمی سیاسی ئەمەش پێچەوانەی رای كارڵ شیمتە، بیریاری ئەڵمانی كۆنسەرڤەتیڤو نازیست، كە پیْی وایە رۆمانتیكیەكان نە تەنیا كۆمەڵی نووسەر بوون سەرقاڵی ئیستاتیكا بوونو بۆچوونیشیان لەبواری تیوری سیاسیدا نرخی ئەوتۆی نیە[23].

بزووتنەوەی رۆمانتسیزم پەرچەكرداێ بوو دژی رۆشنگەری رۆمانتیكیەكان لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیان بەرەخنەو رۆڵی عەقڵ دەدا، بەرانبەر مەترسی عەقڵیش هۆشیاربوون. ئەوان دەیانبینی كە ئازادی مرۆڤی مۆدێرن بەبەهایەكی گەورە كرداروە ئەویش نامۆ بوونە بەهەموو ئیمانێك. گەر رەخنە تەنیا دەستەڵاتێكی نێگەتیڤی هەبێت ئەوا هەموو ئیمانێمك پایەماڵ دەكاو بە دەهلیزەكانی گومانخوازی (Skepticism)مان دەگەیەنیْ. گەر عەقڵ تەنیا كاری رەخنەگرتن بێتو پێمان بڵیْ كە ئەخلاقو ئایینو بیروڕا سیاسییەكان شتێك نین جگە لە كۆمەڵیْ بۆچوون كە لێوانلێون لە لایەنگیری ئیدی چۆن باوەڕمان هەبێت، ئایا بیْباوەڕ دەتوانین بژین؟ رۆمانتیكیەكان گومانخوازیان بەدەستكەوتی رۆشنگەری دەزانیو لەو باوەڕەدا بوون كە گومانخوازی رووبەریْ بۆ ئێم ناهێڵێتەوە كە تێیدا بژین. لێرەوە دەتوانین لەپەیامی كتێبە گرنگەكەی شیلرماخەر بگەین كە لەژێر ناوی "دەربارەی ئایین" دایە كە لەهاوینی 1799 هاتە دەرەوەو بەشێوەیەك لەشێوەكان رەتكردنەوەیەكی هەموو هەوڵێكە بۆ عەقڵاندنی ئایینو بەتایبەت هەوڵەكان ماتەریالیستە فەرەنسیەكانو هەروەها پرۆژە رەخنەییەكەی كانتو بەتایبەت كتێبەكەی كانت لەسەر ئایین "ئایین بەتەنیا لەسنوورەكانی عەقڵ" شیلرماخەر لەجیاتی قسەكردن لەسەر میتافیزیقای ئاینیو پراكتیكی ئاینی قسە بكا، لەئایین وەكو كایەیەكو ئەزموونێكی تایبەتی مرۆڤیو ژیانی رۆحی مرۆڤ قسەدەكا، ئەو تەنانەت پرسیار لەبوونی خودا بەرپرسیارێكی نەزۆك دەزانیْو جەوهەری ئایین نە لە مەعریفەداو نە لەپراكتیكدا نابینێتەوە بەڵكو لەهەست كرندا دەبینێتەوە. هەستكردنی پەرستن. بەڕای رۆمانتیكیەكان مرۆڤی مۆدێرن هەموو هەستێكی سەر بە سروشت بوونی لەدەست داوە ئەمەش بەرئەنجامێكی ترسناكی رۆشنگەرییە. سروشت كەوتۆتە ژێر كۆنترۆڵی مرۆڤی مۆدێرنەو ئیدی سروشت جوانیو نهێنیەكانو ئەستوونی خۆی لەدەست داوە. بەپیْی رۆشنگەری سروشت شتێك نیە شوێن سەرسوڕمان یا تێرامان بەڵكو بابەتێكە دەبێت كۆنترۆڵ بكرێت پرسیاری رۆمانتیكیەكان ئەوە بوو ئایا دەشیْ لە سروشتێكی بیْ ژیاندا بژین؟

ئایا دەتوانین جیهانێ کە بنەماڵی خۆمان کە سەرتاپا عەقڵێنراوە؟

هەروەها بەڕای رۆمانتیکیەکان رۆشنگەری بوە مایەی ئەوەی کە مرۆڤی مۆدێرن هەستی جڤاتی، هەستی هاریکاری لەگەڵ کروپدا، لا بمرێتو هەرکەسە سەرقاڵی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی بێتو کۆمەلچگاش ببێتە "کۆی دوورگە لێك دوورەکان" هەردوورگەیە تاکە کەسێکە بۆ خۆی. کەواتە پرسیاری رۆمانتیکیەکان ئەوە بوو چۆن بتوانین ئەو برینانەی کە رۆشنگەری کردیە رۆمو جەستەکان سارێژیان بکەین؟ چۆن جارێکی دی لەسروشتدا سەرچاوەی جوانیو هەستی ئایینی بینینەوە؟ چۆن هەستی انتماء بەرانبەر جڤات دروست بکەینەوە بێ ئەوەی هێزی عەقڵ پشت گوێ بخەین؟ وەلامی رۆمانتیکیەکان ئەوە بوو کە تەنیا لەرێگای هونەرەوەو خەیاڵە دەوڵەمەندەکەی هونەرەوەیە کە جارێکی دی دەتوانین جیهان دروست بکەینەوە، ئەو شتەی کە عەقڵ خاپووری کرد هونەر دەتوانێ دروستی بکاتەوە، هونەر دەتوانێ جوانیو رۆحانیەت بگەرێنێتەوە نەك بۆ سروشت بەتەنیا بەڵکو بۆ پێکەوە ژیانی کۆمەلایەتیش بۆ بواری سیاسیش. لێرەو چەمکی خۆشەویستی لەبواری کۆمەلایەتیدا رۆلێکی گرنگدا دەبینێ لای رۆمانتیکیەکانو بەتایبەت شلیگل، بەڕای ئەوان عەشق ئەو جومگەیەیە کە جڤات پێکەوە دەبەستێتەوە.

خەونی رۆشنگەری ئەوە بوو کە پێش کەوتنی تەکنۆلۆژی ببێتە مایەی زیادبوونی ئازادیو مرۆڤایەتیو زاڵ بوون بەسەر کۆسپەکاندا، بەلام بەڕای رۆمانتیکیەکان ئەم خەونە بووە کابوس. تەکنۆلۆژیا نەك بوە مایەی دەست بەسەراگرتنی سروشت بەڵکو بووشە مایەی کۆنترۆلکردنی مرۆڤ. ئەوان لەوباوەڕەدا بوون ك مرۆڤی بۆرژوا بۆتە ماکینە، ئەو بەختیارە تەنانەت لەوکاتەشدا کە بۆتە ژمارەیەك لەنێو ژمارەکاندا. ئەوەی کە بۆرژوا ناتوانێ مەسرەفی بکا بوونی نیە لای بۆرژوا، لێرەوە هیچ بەهایەك بۆژیانو فەلسەفەو ئایینو شیعر نامێنێتەوە چونکە بۆرژوا ناتوانێ ئەم بەهانەیە مەسرف بکا.

بۆرژوازی ئیگۆنیزم (منێتی) دەکاتە بناغە بۆ دامەزراندنی رێکخستنی سیاسی لەکۆمەلگادا، واتە بکەرە ئیگۆیستەکان لەچوارچێوەی ئەو رێکخستنەدا، یاکۆمەلگای مەدەنیدا، دەتوانن پێش برکێ بکەن لە پێناو بەرژەوەندە خودیەکانیاندا. رەخنەی رۆمانتیکیەکان لەو پرنسیپە ئەوە بوو کە مادامێك بەرژەوەندیەکانی خوو بێ سنوورن، کەواتە لەجیاتی ئەوەی گرێدانی کۆمەلایەتی دروست بکا هەموو جومگە کۆمەلایەتیەکان لێك هەلدەوەشێنێ.

من پەرستی هەموو هەستێکی جڤاتی دەکوژێو ئەو کەسانەی دەبنە کۆیلەی ئەخلاقی من پەرستی کۆمەلگای مۆدێرن نەك تەنیا لە جڤات نامۆ بن بەڵکو مرۆڤایەتی خۆشیان دادەبڕێن.

لەبەرانبەر چەمکی میکانیکیانەی دەوڵەت لای رۆشنگەری، رۆمانتیکیەکان وەك دابڕانێ لەو دیدە چەمکی ئۆرگانێکیانەی دەولەتیان لەئەدەبیاتی رۆمانتیکدا گەلالەکرد. رۆشنگەریو بیریارانی رۆشنگەری سوودیان لە میتاخۆری "ماکینە" وەردەگرت بۆ پێناسەکردنی دەولەت، بەو مانایە کە دەوڵەت ماکینەیەکە وەك هەر ماکینەیەکی تر دەبێت ئیش بکا بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو، لەحالەتی دەولەتدا ئەم ماکینەیە بەرهەمهێنانی چاکەیە بۆ خەڵکو پاراستنی ئاسایشو پاسەوانیکردنی بەرژەوەندیەکانە، هەر لە هۆبسەوە تا سپینۆزاو تاۆلف Chrstion Wolff تاکانت ئەم بۆچوونە میکانیکیە سەبارەت بە دەولەت بالادەست بوو. لەم دیدەوە کۆمەلگا هیچ نیە جگە لەکۆی تاکەکەسەکانو هەر

تاکەکەسەش تەنیا لەبیری بەرژەوەندیەکانی خۆیدایەو دەوڵەتیش ئەو ماکینەیەیە کە بەرژەوەندیانە رێك دەخا، بەڵام هەروەك چۆن ماکینە لەلایەن بکەرێکی دەرەکیەوە دەخرێتەگەڕ ئاوهاش دەوڵەت دەبێت لەلایەن بیرۆکراتەکانەوە بخرێتەگەڕ، ئە بیرۆکراتانەی کە لەسەروو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانەوەن. هەروەك چۆن ماکینە بەپێی نەخشەیەك داڕێژراوە ئاوهاش دەوڵەتو کۆمەڵگاش دەبێت بەپێی پلانێکی عەقڵی کاربکەنو رۆمانتیکیەکان دژ بەم دیدە وەستانەوەو لەجیاتی ئەو دیدە میکانیکیە بۆ دەوڵەت پێشنیاری دیدێکی ئۆرگانیکیان بۆ دەوڵەت کرد. بەپێی ئە دیدە ئۆرگانیکیەی رۆمانتیکیەکان، کۆمەڵگا دەبێت لەسەر جڤاتو رۆحی جڤاتەوە بینابکرێ نەك تاکگراییو ئامانجی ژیانی کۆمەڵایەتیش مل ملانێ نیە لەپێناو بەرژەوەندیە تایبەتیەکاندا بەڵکو بریتیەو لەبەخۆگەیشتنی رۆحانیە Spirtual sef-realization، تاکەکان لەرێگای هاوکاریەوە لەگەڵ یەکتر بەخۆیان دەگەن نەك ملا ملانێ. کۆمەڵگا ناشێ لەرێگای یاساوە پێکەوە گرێ بدرێ، جومگەکانی کۆمەڵگا ناشێ هێزێکی میکانیکی دەرەکی بێت بەڵکو رۆحی نەتەوەو هەستی انتماء بۆ یەکتر.

گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین کە دیدی رۆمانتیکیەکانەوە ناوەرۆکی ژیانی خودێتیو سۆز ئەوە دیاردەیەکە کەچی واقیعیەو چی واقیعی نیە.

رۆمانتسیزم لەرووی فەلسەفیەوە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە چونکە ئەولەویەتی واقیعی ایك دەداو لەجیاتی ئەولەویەت ئیتمالەبێ سنوورەکان دادەنێ. لێرەدا گەمەی رۆمانتیکی ئەو گەرمەیەیە کە واقیع رادەگرێ، ئەوگەمەیەی کە ئەم واقیعە بەگژ واقعێکی بە فەنتازیا کراوو خەیاڵی تردا دەکاتەوە. لەدیمان بێت واقعێکی خەیاڵیکراو رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ناسیونالیزمدا.

هەنگاوێ زیاتر لەمە، لەلایەن رۆمانتیکیەکانەوە یا واقیع پووچەڵ دەکرێتەوە بە هەڵفڕینی بەرەو رابووردوو، رابووردوویەکی رازاوە بەشەبەقی عیشقی یاخود واقیع یەکسان دەکرێ لەلایەن دنیای فەنتازیای سەردەمە دێرینەکانەوەو پاڵەوانبازیو عەشقبازویەکانەوە. بەم شێوەیە دنیابینی رۆمانتیکی دەتوانین لەرێگای سێ پرنسیپەوە پێناسە بکەین.، یەکەم، لەدیدی رۆمانتیکیەکانەوە جیهان دروست کراوی خەیاڵێکی زاتیە. دووهەمە، جیهانە راستەقینەکەی کە تا سنوورێ بوونێکی رۆتین ئامێزە پووچەڵ دەکرێتەوەو بەنیسبەت گرا relativize دەکرێ ەلایەن فەنتازیاوەو جیهانێکی فەنتازی کراو شوێنی دەگرێتەوە.

سێهەم: مل ملانێ جەوهەریەکانی دنیای واقیعی لەرووی ئیستاتیکاوە دەگوێزرێنەوە بۆ هارمۆنیەکی سۆز ئاسا. لێرەوە خەڵك یا مرۆڤایەتی لەدیدی رۆمانتیکیەکانەوە شۆزاوی دەکرێنو وێنا دەکرێن وەك جڤاتێکی عاتفی. رۆمانتیکی کە وەك تاکەکەسێکی یاخی دەستی پێکرد بەو قۆناغە گەیشت کە زیاتر کۆپەرستە Collectivist.

لەگەڵ ئەمەشدا رۆمانتیسیزم وەك بزووتنەوەیەك. بزووتنەوەی گەنجان بوو دژ بە پیران، ئایدیای لاوێتی کۆمەڵێ بزووتنەوەی ناسیونالیزمان وەبیر دەهێنێتەوە، ناوی کۆمەڵی بزووتنەوەی ناسیونالیستی مانتیڤیستی یا شاهیدی ئەو ئایدیایەن کە سەردەمێکی نوێ دەستی پێکردووە لەبەر ئەنجامی کۆششو خەباتی نەوەیەکی نوێ دژ بە نەوە کۆنەکان، بۆ نمونە ئیتالیای لاو، میسری لاو، تورکە لاوەکان، پارتی لاوانی عەرەب.

باسی بۆچوونی رۆمانتیکیەکانمان کرد لەمەڕرابوودرووەوە، ئێستا دەتوانین سەرگەرمی رۆمانتیکیەان بە رابووردوەوە ناوبنێین نۆستالجابۆ رابووردوو وەك شێوەیەکی رەوایەتی بەخشین بەحاڵەتێکی دیاریکراو یاخود بیروباوەڕێك. بەهەمان شێوە لەدیدی ناسیونالیەکانەوە، نۆستاڵجا بۆ رابووردوو کۆمەڵی شێوەی لەخۆگرت لەوانە گەڕانەوە بۆ سەردەمێك لەمێژوو، مێژووی نەتەوە، ئەوکاتەی نەتەوە لەحاڵەتی سەرکەوتنو شکۆمەندیدا بووە.

تا ئێرە ئاماژەم بۆ کۆمەڵێ توخم کرد وەك مرۆڤایەتی، خەڵك مێژوو، دەوڵەت، رۆڵی ئەفسانە، رۆڵی فەنتازیا، نەتەوەیەك هێزێکی ئۆرگانێك، هەر هەموو ئەم توخمانەش ناسیونالیزم وەك هێزێکی ئایدیۆلۆژی پێك دەهێنن.

Jun1999


پەراوێزەکان:

1-بڕوانە

Immanuel Kant

Religion Within The Limits of Reaseon Alone. Translated by T. M. Greem and H. H. Hulson. 1960.

2-بڕوانە

The Phenomenology of Mind.

Trans, J. B. Baillie.

3-E. Cassirer. The Myth of the State. P. 280.

4-M. Michael,

Ontue role of Symbolism in Politiral the ught, Political Scienre Quar terly,

82. 191-205, 1967.

Vico s The New Science.

5-Vico,G. The Newscienre of Giambattis Vico, trans T. G. Beryin and M. lt. Fusch. Fiftnprintiny 1994.

6-هەمان سەرچاوە، P74

7-هەمان سەرچاوە P341

8-هەمان سەرچاوە بەشی 205 لاپەڕە 74

تۆرکاتۆ تاسۆ Torquna to Tasso ( (1544–1595) شاعیرێکی گەورەی ئیتالی بوو لە کۆتایی سەدەی راپەڕیندا یەکێك لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی بەیتی "رینالدۆ"یە.

9-Ernst Cassirer,

The Philosophy of Symbolic Forms V2: Mythical thought. Pua.

10-Vico, On the Studs Methods of Our Time, 13.

Trans, E. Gianturco, 1965.

11-Vico s The New Science.

12-هەمان سەرچاوە 331

13- Montesquien, The Spirit of Laws. Trans. A. M. Cohlev, 1994.

P.8

14-Al bert Camus, The Rebel.

Trans. Anthouy Bower, P115.

15-بڕوانە

Jean- Jacques Rousseau,

The Socil Contract and Discorse on the Origin of ineaualitn. 1967.

16-بڕوانە

Jeam- Jacques Rousseun,

Emile, or, on education.

Trans and notes by Allan Bloom. 1979.

17-Kant: Political writings. Camhridge,

18–هەمان سەرچاوە P125

19-Herder, J.G.Outlines of a Philosophy of the History of Man, trans. T. Churchill. Book 1 x. Chapter II. P232-239.

20–هەمان سەرچاوە Book x v.

21–لەنێوان ساڵانی 99–1797 دا کۆمەڵێ ڕۆشنبیری ئەڵمانی لەدەوری یەکتر کۆبوونەوە بازنەیەك ئە دەبیات دروست کرد کە دواجار بە قوتابخانەی ڕۆمانتیك ناوی دەرکرد. لەو ڕۆشنبیرانە،

Friedrich Schl. Gel (1772-1829)

F. W. Schelling (1775-1854)

E. D. Schleiermeracher (1768-1834)

Friedrich Von Hardenbery (1772-1801)

کە بە نوڤایس ناوی دەرکرد

Holderlin

Ludwig Tieik.

23–بڕوانە

Novalis

Spiritual Saturnalia

Trans. John N. Ritter, P51.

23-Carl Shmilt.

Political Romanticism.

Combridge, Mass, M. I. T. 1986

---

(1)